حکومەتی هەرێمی کوردستان _ عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەلاحەددین_هەولێر

کۆلێژی ئاداب

بەشی کۆمەڵناسی

# ئاکامە کۆمەڵایەتیەکانی کۆچکردنی گەنجان لەسەر خێزانەکانیان

## توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە زانکۆی سەلاحەددین

توێژینەوەیەکی دەرچوونە

**پێشکەش بە کۆلێژی ئاداب / بەشی کۆمەڵناسی کراوە، وەکو بەشێك لە پێداویستییەکانی بە دەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس**

توێژەران

سۆلاڤ اسعد خضر

هەڤال فاضل محمد

بە سەرپەرشتی

م. ی. کامران جوهر عبدالله

٢٠٢٢ زایینی ١٤٤٣ ی کۆچی ٢٧٢٢ ی کوردی

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿ إِنَّ الَّذِينَ آمَنُواْ وَالَّذِينَ هَاجَرُواْ وَجَاهَدُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ أُوْلَئِكَ يَرْجُونَ رَحْمَتَ اللّهِ وَاللّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴾

السورة البقرة   الآية ٢١٨

**بۆ/ سەرۆکایەتی بەشی کۆمەڵناسی بەڕێز**

**ئەم توێژینەوەیە کە ناونیشانی (ئاکامە کۆمەلأیەتیەکانی کۆچکردنی گەنجان لەسەر خێزانەکانیان ) لە خۆگرتووە، لە ژێر چاودێری من لە بەشی کۆمەڵناسی_زانکۆی سەلاحەددین_هەولێر، کۆلێژی ئاداب ئامادە کراوە وەك بەشێك لە پێداویستی بەدەسهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە کۆمەڵناسی.**

**تکایە ئەم توێژینەوەیە بۆ هەڵسانگاندن و تاوتوێکردنی پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن و تاوتوێکردن بکرێت، بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست.**

**واژۆ**

**سەرپەرشتیار**

**م. ی. کامران جوهر عبدالله**

# پێشکەشە

* به دایك و باوکی خۆشەویستم.
* به ئەندامانی خێزانەکەم و دۆست و ئازیزانم.
* بەو مامۆستا و هاوڕێیانەی دەستیان گرتم و هانیان داوم بۆ نووسین.

## سوپاس و پێزانین

* سوپاس و پێزانینی تایبەت بۆ ( م. ی. كامران جوهر ).

* سوپاس و پێزانینی تایبەت بۆ ( د. محمد شوانی ).

* سوپاس و پێزانینی تایبەت بۆ ( د. زانا احمد پیرداود ).

* سوپاس و پێزانینی تایبەت بۆ ( د. هەژار خورشید نوری ).

# پوختەی توێژینەوەکە

## ئاكامە كۆمەڵایەتیەكانی كۆچكردنی گەنجان لەسەر خێزانەكانیان


دیاردەی كۆچكردن كاریگەریەكی خراپی لەسەر كۆمەڵگادا هەیە، بە تایبەتی لە سەر خێزان، كە تێیدا ئاماژە بە هۆكار و پاڵنەر و جۆرەكانی دەكرێت. ئەم گرفتە لە وڵاتان بە چەندین شێواز بڵاوبۆتەوە، هەندێكیان بە پلان بەرەنگاری دەبنەوە، ئەم دیاردەیەش لە كۆمەڵگەی كوردی بەدی دەكرێت. وە لەم توێژینەوەیەدا گرفتی توێژینەوەكەمان بریتییە لە ئاكامەكانی كۆچكردنی گەنجان لەسەر خێزانەكانیان، وە ئامانجەكانی توێژینەوەكەمان بریتییە لە ١:زانینی **ئاكامە كۆمەڵایەتییەكانی كۆچكردنی گەنجان لەسەر خێزانەكانیان. ٢:زانینی بەرزترین ئاست لە ئاكامەكانی كۆچكردنی گەنجان لەسەر خێزانەكانیان.٣: زانینی ئاستی لێكترازانی خێزانەكان لە ئاكامی كۆچكردنی گەنجان**

ئەو میتۆدەی ئێمە بەكارمان هێناوە میتۆدی ڕووپێوی كۆمەڵایەتی بە نموونەیە. ئامرازەكانی كۆكردنەوەی زانیاری بریتییە لە پرسیار نامە و كەرەستە ئاماریە بەكارهاتووەكەش ڕێژەی سەدییە، ئەم توێژینەوەیە لە دوو تەوەر پێك دێت، ئەوانیش لایەنی تیۆری و لایەنی مەیدانیە. لە گرنگترین ئەنجامەكانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە

١. ئاكامە كۆمەڵایەتیەكانی كە لە ئەنجامی كۆچكردنی گەنجان لە سەر خێزانەكانیان دەكەوێتەوە، كە ئاكامە باشەكانی بریتییە لە ناردنەوەی داهات و بەدەسهێنانی بڕوانامەی بەرزتر و باشتركردنی بژێوی ژیانیان، وە لە ئاكامە خراپەكانی كە بریتییە لە خزمەتكردنی بازاڕی وڵاتان و ناردنەدەرەوی داهات و تێكدانی ئاسایشی وڵات.

٢. بەرزترین ئاست كە لە ئاكامەكانی كۆچكردنی گەنجان لەسەر خێزانەكانیان دەكەوێتەوە بریتییە لە تێكچوونی دەروونی باوانیان و دڵەڕاوكێ و نەخۆشی وە سەرف كردنی داراییەكی زۆر.

٣. بەرزترین ئاستی لێكترازانی خێزان كە لە ئەنجامی كۆچكردنی گەنجان بریتییە لە كەمبوونەوەی ڕێژەی هاوسەرگیری و زۆربوونی ڕێژەی قەیرەیی لای كچان و لاوازبوونی پەیوەندی كۆچكەر بە ئەندامانی ناو خێزانەكەی.

## ناوەڕۆك


| لاپەڕە | ناوەڕۆك | ز |
| --- | --- | --- |
| أ | قورئانی پیرۆز | |
| ب | بۆ سەرۆكایەتی بەشی كۆمەڵناسی | |
| ت | پێشكەشە | |
| ث | سوپاس و پێزانین | |
| ج | ناوەڕۆك بۆ توێژینەوەكە | |
| ح | ناوەڕۆك بۆ ژمارە و ناوەڕۆكی خشتەكان | |
| ١ | پێشەكی | |
| ٢-٢١ | تەوەری یەكەم/ لایەنی تیۆری توێژینەوەكە | |
| ٢-٨ | بەشی یەكەم/ ڕەهەندەكانی توێژینەوە و پێناسەی چەمكەكان | |
| ٢-٣ | باسی یەكەم/ ڕەهەندەكانی توێژینەوە | |
| ٢ | گرفتی توێژینەوە | |
| ٢-٣ | گرنگی توێژینەوە | |
| ٣ | ئامانجی توێژینەوە | |
| ٤-٨ | باسی دووەم/ پێناسەی چەمكەكان | |
| ٤ | ئاكامە كۆمەڵایەتیەكان | |
| ٤-٥ | كۆچكردن | |
| ٥-٦ | گەنج | |
| ٧-٨ | خێزان | |
| ٩-١١ | بەشی دووەم/ توێژینەوەكانی پێشوو تر و تاوتوێ كردنیان | |
| ٩ | باسی یەكەم/ توێژینەوەكانی پێشوو تر | |

| | | |
|---|---|---|
| | باسی دووەم/ تاوێ کردنی کردنیان | ١١-١٠ |
| | بەشی سێیەم/ ئاکامە کۆمەڵایەتیەکانی کۆچکردنی گەنجان | ١٨-١٢ |
| | باسی یەکەم/ کۆچکردن و جۆرەکانی | ١٤-١٢ |
| | باسی دووەم /هۆکارەکانی کۆچکردن | ١٥ |
| | باسی سێیەم/ ئاکامە کۆمەڵایەتیەکانی کۆچکردن | ١٨-١٦ |
| | بەشی چوارەم/ خێزان | ٢١-١٩ |
| | باسی یەکەم/ خێزان | ٢٠-١٩ |
| | باسی دووەم/ پیشەی خێزان | ٢١ |
| | تەوەری دووەم/ لایەنی مەیدانی توێژینەوە | ٤٠-٢٢ |
| | بەشی پێنجەم/ کارا کارامەییەکانی | ٢٤-٢٢ |
| | باسی یەکەم/ میتۆدی توێژینەوە توێژینەوە | ٢٣ |
| | باسی دووەم/ کۆمەڵگا و نموونەی توێژینەوە | |
| | باسی سێیەم/ بوارەکانی توێژینەوە | ٢٤ |
| | باسی چوارەم/ ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری | |
| | باسی پێنجەم/ کەرەستە ئاماریە بەکارهاتووەکان | ٢٥ |
| | بەشی شەشەم/ خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیاریەکان | ٤٠-٢٥ |
| | باسی یەکەم/ خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیاریە گشتیەکان | ٢٧-٢٥ |
| | باسی دووەم/ خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیاریە تایبەتیەکان | ٣٧-٢٨ |
| | ئەنجام و دەرئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی توێژینەوە | ٤٠-٣٨ |
| | ئەنجامەکان | ٣٨ |
| | دەرئەنجام | ٣٩ |

| | | |
|---|---|---|
| | ڕاسپاردە | ٤٠ |
| | پێشنیار | ٤٠ |
| | لیستی سەرچاوەکان | ٤١-٤٢ |
| | پاشکۆ | ٤٣-٤٥ |


## پێرستی خشتەکان


| ژمارەی خشتەکان | ناوەڕۆکی خشتەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | تەمەنی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە | 25 |
| 2 | ڕەگەزی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە | 25-26 |
| 3 | باری کۆمەڵایەتی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە | 26 |
| 4 | باری ئابووری ئەندامانی نموونەی توێژینەوە | 26-27 |
| 5 | شوێنی نیشتەجێبوون ئەندامانی نموونەی توێژینەوە | 27 |
| 6 | ئاکامی کۆچکردنی گەنجان بۆ دەرەوە لەسەر لە دەستدانی سەرپەرشتیار و بەخێوکەری خێزان | 28 |
| 7 | کۆچی گەنج و لاوازی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی نێو ئەندامانی خێزان | 28-29 |
| 8 | کۆچی گەنجان و بەهەدەردانی دارایی | 29 |
| 9 | کۆچی گەنجان و تێکچوونی باری دەروونی باوانیان | 29-30 |
| 10 | کۆچی گەنجان و تێکچوونی شیرازەی خێزان | 30 |
| 11 | کۆچی گەنجان و تووش بوونی باوانیان بە نەخۆشی درێژخایەن | 30-31 |
| 12 | کۆچی گەنجان و کەمبوونەوەی ڕێژەی هاوسەرگیری | 31 |
| 13 | کۆچی گەنجان و ڕێژەی قەیرەیی کچان | 31-32 |
| 14 | کۆچی گەنج و زیاد کردنی دڵەڕاوکێ لە ناو ئەندامانی خێزان | 32 |
| 15 | کۆچی گەنج و لاواز بوونی ئەرکی باوانیان لە پەروەردە و بەخێوکردنی منداڵ | 32-33 |
| 16 | کۆچی گەنجان و تێکدانی کەسایەتی ئەندامانی خێزان | 33 |

| | | |
|---|---|---|
| 33-34 | کۆچی گەنجان و لاوازی پابەندبوون بە داب و نەریتی کۆمەڵایەتی | 17 |
| 34 | کۆچی گەنج و هەڵوەشاندنی پەیوەندی کۆچکەر بە ئەندامانی خێزان | 18 |
| 34-35 | کۆچی گەنج و زیاد بوونی متمانە بە خۆبوونی ئەندامانی خێزان | 19 |
| 35 | کۆچی گەنج و بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەرزتر | 20 |
| 35-36 | کۆچی گەنج و بەدەستهێنانی کاری باشتر | 21 |
| 36 | کۆچی گەنج و باش بوونی بژێوی خێزان | 22 |
| 36-37 | کۆچی گەنج و بەدەستهێنانی خەونەکان | 23 |
| 37 | کۆچی گەنج و ئاشنابوون بە داب و نەریتی گەلان و وڵاتان | 24 |

# پێشەکی

**کۆچی گەنجان یەکێکە لەو دیاردانەی کەوا لە زۆربەی کۆمەڵگەکانی بوونی هەیە و بە تایبەتی لە کۆمەاگەی کوردی، ئەم دیاردەیەش کاریگەری لە سەر خێزان و تاك و کۆمەلگا دروست کردووە، ئەو کاریگەریانەی کۆچکردن بەتایبەتی لە ڕووی پێکچوونی پەیوەندیە خێزانیەکان و هەروەها بارودۆخی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵاتەوە، ناجێگیری ئابووری و ناجێگیری ئەمن و ئاسایش و نەبوونی ئازادی سەروەری و یاسا ئەمانە پاڵ بە گەنجەوە دەنێ کۆچ بکات، بەڵام لە ئاکام دا ئەم کۆچە کۆمەڵێك کاریگەری ئەرێنی ە نەرێنی هەیە، هەم بەسەر تاك و خێزان و کۆمەلگاداز کاریگەرییەکانی بەسەر تاکەکانەوە لەوە دایە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو کەسە شارەزا و ئەزموونی زیاتر وەربگری وە شارزایی کلتور و داب و نەریتی گەلان بێت، لەگەڵ ئەوەی زۆر جار دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەرزتر، کاریگەریەکانیش لەسەر خێزان دەبێتە هۆی تێکچوونی زۆر جار پەیوەندیەکانی خێزان، وە خێزان دوچاری کێشە و گیر و گرفتی دەروونی و تێکچوونی پەیوەندیەکان و نەمانی سەرپەرشتیار دەبێتەوە. یەکێکی تر لە کاریگەریەکانی لەسەر کۆمەلگا بێت ئەویش زیاد بوونی ڕێژەی قەیرەیی و نەمانی گەنج و دەستی کاری بەهێز و نەمانی خاوەن ئەزمون کە ئەمانە وڵات پێویستی پێیان بۆ بەرەو پێش بردنی کۆمەلگا،**

## تەوەری یەکەم/ لایەنی تیۆری توێژینەوە

## بەشی یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوە و پێناسەی چەمکەکان

### باسی یەکەم/ ڕەهەندەکانی توێژینەوە

### گرفتی توێژینەوە

کۆچکردن دیاردەیەکی جیهانییە، بە تایبەتی لە سەرەتای ئەم سەدەیە( ٢١ ) دیاردەکەش، کۆمەڵە ئاکامێکی باش و خراپی لەسەر خێزانەکاندا هەیە، کە پێویست بەوە دەکات توێژینەوەی لەسەر ئەنجام بدەین. هەر بۆیە باسی لایەنە خراپەکان و کاریگەریە خراپەکانی لەسەر خێزانەکاندا دەکەین، لەم بوارانەش ئاکامە کۆمەڵایەتیەکانە

**گرفتی توێژینەوە بریتیە لە پرسیارێک یان چەند پرسیارێک کە توێژەر لە توێژینەوەکەی دەیانخاتە ڕوو بۆ دۆزینەوەی وەڵامەکانیان. کۆچکردنی گەنجان بۆ هەندەران کۆمەڵێك ئاکام لەسەر خێزانەکانیان دروست دەکات، هەروەها کۆمەڵێك گرفت ڕووبەڕوی خێزانی کۆچبەران دەبێتەوە لە ئاکامی کۆچکردنی گەنجەکانیان.**

**بۆیە لەم ڕوانگەیەوە گرفتی توێژینەوە بریتییە لە ئاکامەکانی کۆچکردنی گەنجان لەسەر خێزانەکانیان.**

### گرنگی توێژینەوە

**گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە هەوڵدانە بۆ باسکردنی گرنگترین و سەرەکی ترین ئاکامەکانی کۆچکردنی گەنجان بۆ دەرەوەی وڵات کە پێشوتر و ئێستاش دیاردەیەکی زۆر باوی نێو کۆمەڵگای کوردیە کە شایەنی ئەوەیە باس بکرێت و تیشکی بخرێتە سەر بە مەبەستی دەستخستنی سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ سەنتەر و ڕێکخراوەکانی گەشەپێدانی گەنجان. ئەم توێژینەوەیەش وەکو هەر توێژینەوەیەکی زانستی تر گرنگی خۆی لە دوو لایەندا دەبینێتەوە ئەویش لایەنی تیۆری و لایەنی پراکتیکیە.**

***گرنگی لایەنی تیۆری:*** **هەروەك لە ناونیشانەکەدا دیارە گرنگی لایەنی تیۆری ئەم توێژینەوەیە هەر وەك لە ناونیشانەکەدا دیارە و دەردەکەوێت کە باس لە دیاردەیەك دەکات کە ئەم ساڵ بە ڕێژەیەکی زۆر دیار و بەرچاو لەناو گەنجاندا بڵاوبووەوە کە گرنگیەکەی لەوەدایە ڕەنگە ببێتە هۆی زیادبونی کەڵەکە بونی زانیاری تیۆری لەسەر ئەم**

بابەتە ودەوڵەمەند كردنى و زیادەیەكى زانستى بۆ كتێبخانەى بەشى كۆمەڵناسى بە تایبەتى و بەشەكانى تر بەگشتي

**گرنگى لایەنى پراكتیكى:** گرنگى لایەنى پراكتیكى ئەم توێژینەوەیە دەردەكەوێت لە ڕێگاى زانین و ئاشكرا كردنى ئاكامە كۆمەڵایەتیەكانى كۆچكردنى گەنجان بۆ دەرەوەى وڵات، لە بەر ئەوەى ئەم توێژینەوەیە ئەنجامەكانى بەهێز دەكات بە خستنەڕووى دەرئەنجامى زانستى كە لە ڕێگاى ئەم

دەرئەنجامانەوە دەزگایە پەیوەندى دارەكان ئاشنا دەكات بە دەرئەنجام و ئاكامەكانى كۆچكردنى

گەنجان لەسەر خێزانەكانیان، تا ئەوان بتوانن بە شێوەیەكى زانستیانە ڕووبەڕووى ئەم دیاردەیە ببنەوە و هەوڵدەن بۆ باشكردنى لایەنى ئابورى و پەروەردەیى و كۆمەڵایەتى گەنجانى هەرێمى كوردستان و شارى هەولێر بەتایبەتى.

## ئامانجى توێژینەوە

هەر توێژینەوەیەكى زانستى لە هەر بوار و بابەتێكدا بكرێت ئامانجێك یان چەند ئامانجێكى تایبەت بەخۆى هەیە كە توێژەر لە هەوڵى هێنانەدى ئەم ئامانجانە دایە. ئامانجى سەرەكى ئەم توێژینەوە زانینى ئاكامە كۆمەڵایەتیەكانى كۆچكردنى گەنجانە لەسەر خێزانەكانیان. كە لە ڕوانگەى ئەو ئامانجە سەرەكیەى سەرەوە گرنگترین ئامانجەكانى ئەم توێژینەوەیە بریتین لە:

١ - زانینى ئاكامە كۆمەڵایەتییەكانى كۆچكردنى گەنجان لەسەر خێزانەكانیان.

٢ - زانینى بەرزترین ئاست لە ئاكامەكانى كۆچكردنى گەنجان لەسەر خێزانەكانیان.

٣ - زانینى ئاستى لێكترازانى خێزانەكان لە ئاكامى كۆچكردنى گەنجان.

## باسی دووەم/ پێناسەی چەمکەکان

### ١ ئاکامە کۆمەڵایەتیەکان

**ئاکامە کۆمەڵایەتیەکان** /واتا ئەو ئەنجامەی لە کردە، پرۆسە، مامەڵە و هەڵسوکەوت، هەڵوێست، رووداو، وتوویژ، بڕیار یاخود سیاسەتێك دەکەوێتەوە. ئاکامە کۆمەڵایەتیەکان ئەو ئاکامانەن کە کۆمەڵایەتین یاخود ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتیان هەیە.(محەمەد،٢٠٠٣:لا ١٩)

**ئاکامە کۆمەڵایەتیەکان**/مەبەست لەو ئەنجامانەیە لە بونیاد و پێکهاتەی کۆمەڵگاکەدا بەهۆی دۆخێك یان خراپی سیستەمێك لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگاکەدا بەدەردەکەون.(شوانی،٢٠١٣: لا١٨٣)

**پێناسەی ڕێککاری ئاکامە کۆمەڵایەتییەکان/** بە پێی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە ئەنجامە کۆمەڵایەتیەکانی کۆچکردنی گەنجانە لەسەر خێزانی قوتابیەکانی کۆلێژی ئادابی شاری هەولێر.

### ٢ کۆچکردن

هەرچەندە زۆر لە توێژەران پێناسەی زۆریان بۆ کۆچکردن کردووە بەڵام لەیەک چونێکی زۆر هەیە لە پێناسەکانیاندا و هەندێکیشیان بە شێوەی جیاواز پێناسەیان کردووە.

**کۆچکردن(ڕەوکردن)**/بریتیە لە پرۆسەیەکی جێگۆڕکێ و گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوونی تاك یان گروپە مرۆییەکان لە شوێنی ئاسایی لێڕاهاتنیان بۆ شوێنێکی تری ناو وڵاتەکەیان یان دەرەوەی سنوری سیاسی وڵات.(شوانی،٢٠١٣: لا ١٥٢)

**کۆچکردن**/ئاماژە بۆ کۆچی چەند تاکێك دەکات یاخود کۆمەڵێك دەکات لە نیشتیمانی بنەڕەتی خۆیانەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە بەمەبەستی مانەوەی بەردەوام و جێگیری و ئارامی لە کۆمەڵگەی نوێدا، بە گوێرەی مەرجەکانی مانەوە لەو شوێنەدا.(سەمیرە،٢٠٠٧: ١١٤)

**کۆچکردن/بریتیە لە پرۆسەی جوڵان و گواستنەوە لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی تر،بە مەبەستی باشکردنی ژیان و گوزەرانی ئابوری یان ڕاکردن لە بارودۆخی سروشتی خراپ وەک بومەلەرزە و کەشی نا لەبار یان تەنگژەی سیاسی.(ابراهیم،٢٠١٥، لا١٥٠)**

**وە هەروەها لە ڕوانگەی ئەحمەد ئەسکەندەرەوە کۆچکردن /بریتیە لە جێ هێشتنی خاک و خەڵک و نیشتیمان کە تیایدا دەژی، بەرەو خاك و خەڵك و نیشتیمانێکی تر بە ئامانج و مەبەستێکی دیاریکراو و نیەتێکی پێشوەختە لەبەر هۆکار و بەربەستی جۆراو جۆرەوە.(ئەسکەندەر،٢٠١٦، لا ٧٤)**

**کۆچکردن:** کۆچکردن بە ڕۆیشتنی خەڵکی لە خالچێکی جوگرافیەوە بۆ خالێکی دیکە دەگوترێت. ئەو بەلگانەیکە مرۆڤەکان بۆ کۆچکردنیان دەیهێننە پێش جیاوازن و لە کەمبوونی سەرچاوەی خۆراك لە ناوچەیەکدا تا ئازارەکان و تەعقیبە سیاسیەکان و مەزهەبیەکان لە بەر دەگرن. مرۆڤەکان لە بنەڕەتدا لە پێناو دەستکەوتنی فرسەتەکانی ژیان یّکی لە بارتر و شیاوتردا کۆچ دەکەن. (کۆهین، ٢٠١٠,٢٠٤)

**پێناسەی ڕێککاری کۆچکردن:** مەبەستمان لەو گەنجانەیە کە لە ناوەوەی وڵات کۆچ دەکەن بۆ دەرەوەی وڵات و ئاکامی کۆمەڵایەتی لەسەر خێزان و بەسەر خۆیان و بەسەر کۆمەڵگادا بەجێ دەهێڵن.

## ٣ گەنج

**نە لە زاراوەی خەڵکی ئاسایی و نە لە زاراوەی خەڵکی تایبەت بە کۆمەڵناسی، دەروونناسی و پەروەردە و فێرکردندا پێکهاتنێکی گشتی لەسەر چەمکی لاو(گەنج) لە ئارادا نیە بەڵام بەبۆچوونێ کۆمەڵناسیانەی سەردەم و بۆچوونی توێژەران بەم شێوازە پێناسەی بۆ کراوە**

**گەنج/گەنجێتی** چەمکی بونەوەرناسییە، بەڵام سەردەمێکی کۆمەڵایەتی و کولتوریشە، لە سەردەمێکە کە کەسەکە مەرجی پێویست بۆ کردەوەی سەربەخۆ لە هەموو بوارەکانی ژیاندا وەدەست دێنێت.(شێفەرس،٢٠٠٨:لا ١٩)

**گەنج/قەوارەیەکی** پڕ لە هێز و وزەیەکی بێ شومار و توانایەکی لە ڕادە بەدەرە، نازانێ کۆسپ مانای چیە، بەردەوام لە هەوڵداندایە، هەردەم حەزدەکات شتی نوێ ببینێت، ببیستێ و فێر ببێت، توانای خۆڕاگری و بەرگەگرتنی ناخۆشیەکانی هەیە، لەو پەڕی هێز و تەندروستی لاشەیدایە، هەموو پێداویستیە ماددی و ڕۆحیەکانی تێدا بەرجەستە دەبێت ئەگەر ڕێگای بۆ خۆش بکرێت.(ئەسکەندەر،٢٠١٦ :لا١٥)

**گەنج/کائینێکە** ڕاستەوخۆ بە بابەتەکان ڕازی نیە، وەلامە ئامادەکراوەکانی قبوڵ نیە، شتێك کە ناوی تابۆ بێت، گەنج پیرۆزی و موقەدەسەکان تا کەمترین ڕاددە کەم دەکاتەوە.( ئەحمەد و سەرکەپکانی،٢٠٠٧، لا٢٠)

**پێناسەی ڕێککاری گەنج**: گەنج ئەکەسەیە کەوا لە تەمەنی ١٨ بۆ ٤٠ساڵیە، کۆچ دەکات لە ناوەوەی وڵات بۆ دەرەوەی وڵات و دەبێتە هۆی لە دەستدانی هەلی کار و دەستی کار و کەسانی خاوەن ئەزموون .

## ٤ خێزان

**خێزان/یەکەیەکیکۆمەلایەتی** سەرەکیە لە دروستکردنی کۆمەڵگا، دەتوانین بڵێین باوان(دایک و باوک) دروستکەر و هەڵسوڕێنەری خێزانن. کە ئەرکی سەرەکیان پەروەردە کردن و پێگەیاندنی منداڵەکانە ، کە ئەوانیش هەڵدەستن بە دروستکردن و پێکهێنانی خێزانێکی نوێ و خستنەوەی نەوەیەکی نوێ، بەمەش ژمارەکی زۆری خێزان پێك دێت و دەبێتە هۆی پێکهێنانی کۆمەڵگا.(عەبدولڕەحمان،٢٠١٢ :١٥لا)

**خێزان/کۆمەڵە کەسێکن کە پەیوەندیەکی خوێن، هاوسەرگیری، یان بە بەچەکردن بەیەکیان دەبەستێتەوە و خانەوادەیەکی تایبەتمەند پێک دەهێنن، هەڵس و کەوت و پەیوەندی لە نێوانیاندا هەیە بەپێی ئەم ڕۆڵە کۆمەڵایەتیە بڕیاردراوەی کە لە کۆمەڵگادا هەیە و ئەمەش ڕۆڵی پیاو و ئافرەت و باوک و دایک وکچ و کوڕکان دەکرێتەوە ڕۆشنبیریەکی هاوبەشی گشتی پێکدەهێنن.( عبدالرحمان، ٢٠١٢، لا١٥)**

**خێزان/کۆمەڵێکە لە دایك و باوك و منداڵەکان یان هەندێك لە تاکەکانی ئەم کۆمەڵەیە پێکدێت ئەگەر هاتوو یەك گوزەرانیان هەبوو هەرچەندە شوێنی نیشتەجێبونیان جیابوو.(** کۆمەڵێك نووسەر ،٢٠١٧**؛لا ٧٧)**

**خێزان/دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتیە، ئەرکە جەوهەریەکانی تاك و کۆمەڵگا هەڵدەسوڕێنێ، خێزان بونەوەرێکی مرۆیی دەگۆڕێت بە مرۆڤێکی بەمرۆڤ کراوی خاوەن سروشتی کۆمەڵگاکەی، بەهۆی پەروەردە کردن و ئاڕاستەکردنەوە.(خەلیل،٢٠٠٧؛لا ٥)**

**خێزان/ڕێکخراو یانکۆمەڵەیەکە کە لەسەر بنەمای خزمایەتی خوێنی و خزمایەتی هاوسەرگیریەوەیە.**

**خێزان/ دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی یەو لە هەموو شوێنێك و سەردەمێکدا بوونی هەیە و بەبێ ئەو مانەوە و بەردەوامیی کۆمەڵگە مەیسەر نابێ.(وسوتی و خولّق،٢٠١٣؛ لا١٨٩)**

**پێناسەی ڕێککاری خێزان/** خێزان ئەو دامەزراوە کۆمەڵایەتیەیە کەوا یەکێك لە ئەندامەکانی تووشی کۆمەڵێك کێشە و گیر و گرفتی کۆمەڵایەتی دەبێتەوە، وەکو تێکچوونی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان و لەدەستدانی شیرازەی خێزان، یان لە دەستدانی بەرپرسی خێزان کە ئەوەش کاریگەری لەسەر لاواز بوونی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی نێوان ئەندامەکانی خێزان و هەروەها دروست بوونی نەخۆشی کۆمەڵایەتی خێزان.

## بەشی دووەم: توێژینەوەکانی پێشوتر و تاوتوێکردنیان

## باسی یەکەم: توێژینەوەکانی پێشوو

١: توێژینەوەی د. مراد حکیم محمد، بەناونیشانی ( ئاکامە کۆمەڵایەتیەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی کورد لە عێرا قلە سەردەمی بەعسدا) لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانییە لە هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو باسێکی کۆمەڵایەتی ئامانجی تایبەت بە خۆی هەیە، ئامانجی ئەم توێژینەوەیەش بە چەند خاڵێك دەخەینەڕوو

١. دەستنیشانکردنی بەشێکی گرنگ و بەرچاوی ئەو ئاکامە کۆمەڵایەتیانەی لە سیاسەتی ڕاگواستنی کوردان کەوتونەتەوە، ئەویش بەسەرنجدان لە بونیادی کۆمەڵگا و شێوەی گوند.
٢. دەمانەوێ بگەین بە چەند ئامانجێك و لە میانەدا زۆرتر ڕوون دەبێتەوە، ڕاگواستن چ گۆڕانکارییەکی لە کوردستانی باشوردا دروست کردووە و هەوڵدەدرێت ئەو دیاردە و ئاکامە نێگەتیڤانەی بە هۆی ڕاگواستنەوە دروست بوون دەستنیشان بکەین و لە ڕێی پێشنیار و ڕاسپاردەی تایبەتەوە هەوڵبدرێت بۆ کەمکردنەوەی کێشە و گرفتەکانی راگوێزراوان.

### لە گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە بریتیین لە :

١. ئوردووگای زۆرە ملێ ئەمرۆ بە شێوەیەکی نیشتەجێبوونی دانیشتووانی کوردستانی خوارووە. ئوردووگا دەرهاوێشتەی سیاسەتی راگواستن و شوێنگۆڕکێی دانیشتووان. لەبەر ئەوەی ژیانی ناو ئوردووگا جیاوازی زۆرە لە شێوازی ژیانی گوند.
٢. زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستانی خواروو لە ئەنجامی کۆچی ڕاگوێزراوەکانەوە ژمارەی دانیشتووانیان بە شێوەیەکی نائاسایی و ناسروشتی زیادی کردووە،بەجۆرێك بووە هۆی ئەوەی شێوازی ژیانی لادێیانە لە زۆربەی شارەکاندا زاڵ بێت و پرۆسەی شارنشینی لە کوردستانی خواروو دوا بکەوێت.
٣. ژیانی کۆمەڵایەتی پێش ڕاگواستن زۆر سادە و ساکار بوو، بەتایبەتی لە لادێ خانووی سادە و بچووك، ناو ماڵێکی کەم و هەژارانە و جل و بەرگی زۆر جار نارێك. بەڵام دوای ڕاگواستن و تێکەڵاو بوونیان و باشتبوونی ئابووری عێراق، هاتنی سەیارە و کەرەستەی کارەبایی، گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی گەورەی بەخۆوە بینی

## توێژینەوە عرەبیەکان

١. توێژینەوەی عباس، مروش مضهب (٢٠٢٠) بە ناونیشانی کۆچی گەنجان و کاریگەری لەسەر پەرەپێدانی بەردەوام، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی ئەو هۆکارانەی بوەتە هۆی کۆچکردنی گەنجان کاریگەریە ئەرێنی و نەرێنیەکانی کۆچکردنی گەنجان لەسەر گەشەپێدانی بەردەوام، لەم توێژینەوەیە توێژەر میتۆدی وەصفی بە ڕێگەی ڕووپێوی کۆمەلآیەتی بە نموونە ئەنجام داوە، ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری بریتی بووە لە چاوپێکەوتن و فۆڕمی ڕاپرسی کە فۆڕمەکەی لە کۆمەڵێك مامۆستایانی زانکۆی بغدا و زانکۆکانی تر بلآو کردۆتەوە، نموونەی توێژینەوەکەی ٥٠ کەس بووە ٢٥ لە ڕەگەزی نێر و ٢٥ لە ڕەگەزی مێ، جۆری نموونەکەشی مەبەستدار بووە.

گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە

١. ململانێی ناوخۆیەکان هۆکاری سەرەکی کۆچکردنی گەنجانن.
٢. هۆکاری ئابووری یەکێکی ترە لە هۆکارە سەرەکیەکانی کۆچکردنی گەنجان.
٣. ڕاگەیاند ڕۆڵێی گرنگی هەبووە لە کۆچکردنی گەنجان.
٤. بەژداری نەکردنی گەنجان لە پلاندان و بەرنامە ڕێژی حکومەت کاریگەری هەبووە لەسەر کۆچی گەنجان.
٥. کەمی داهاتی مانگانە یەکێکی تر بووە لە هۆکارەکانی کۆچی گەنجان.
٦. گەڕان بەدوای ژیانێکی باشتر کە بژێوی باشتر بکات کە یەکێکی ترە لە هۆکارەکانی کۆچی گەنجان.

٢: الشناوی، عمرو محمد (٢٠٢١) بە ناونیشانی () ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە زانینی وە ڕەهەندەکانی کۆچکردنی ناوەحۆ و دەرەکی لە ڕووی ئابووری و کۆمەلآیەتییەوە ڕێگرن. ئەم توێژینەوەیە پشتی بە میتۆدی وەصفی و شیکاری بەستووە بۆ شیکردنەوەی ئەم دیاردەیە.

گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە

١. زیاد بوونی کۆچ لەسەردەمی ناجێگیری کۆمەلآیەتی و سیاسی ولآتانەوە بووە.
٢. ئەوانەی کۆچیان کردووە زۆر جار بۆتە هۆی ئەوەی کەوا دوچاری هەڕەشە و مەترسی بنەوە
٣. لە ڕووی مادی زەرەر و زیانیان بەرکەوتووە
٤. پاڵنەرە ئابووریەکانی کۆچکردنی گەنجان یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکان

٥. كۆچكردنی گەنجان بۆتە هۆی ئەوەی كەوا كۆمەڵێك ڕێكخراوی مافیایی دروست بێت كە بازرگانی بە جەستەی مرۆڤەوە بكرێت ئەمە جگە لەوەی كۆچی گەنجان وای كردووە گەنجان بە دوای ئاوات و ئازادیەوە بگەڕێن وە پاڵنەری مادیش خەڵك كۆچی كردووە بۆ بەدەسهێنانی سامان و دەستكەوتی زیاتر.

٣: توێژینەوەی عیسی، احلام احمد، مجله المستنصریه الدراسات العربیه والدولیه العدد٥٥. ئامانجەكانی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە

خستنەڕووی كاریگەری كۆچی دەرەكی لەسەر ڕەوشی سیاسی و ئابووری عێراق و چۆن دۆزینەوەی ڕێگا چارە لە كۆچ كردن.

نموونەی توێژینەوەكەی بریتیە لە وەرگرتنی ئامار و زانیاریانەی كە بەكارهاتووە. ئامرازەكانی كۆكردنەوەی زانیاری ئەمانە بووە، نموونەكەشی لەسەر ئەو بابەتانەیە كە لەسەر گۆڤار و ڕۆژنامەكان بڵاوبۆتەوە.

لەگرنگترین ئەنجامەكانی بریتییە لە

١. كۆچی گەنجان كاریگەری هەیە لەسەر خێزان و لاوازی پەیوەندیە خێزانیەكان و نەمانی جێگیری خێزان.
٢. كۆچی گەنجان دەبێتە هۆی دواكەوتنی هاوسرگیری، بە تایبەتی دروست بوونی قەیرەیی لای ئافرەتان.

## تاوتوێ کردنی توێژینەوەکانی پێشوو

لەو توێژینەوەی کە ئەنجامدمان دوای تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە لەگەڵ توێژینەوەی خۆمان لە چەند خاڵێك یەك دەگرن. لێرەدا تیشك دەخەینە سەر چەند ئەنجامێکی هاوشێوە، لە توێژینەوەی خۆمان و توێژینەوەکانی پێشوو.

لە خشتەی ژمارە ( ٧ ) بۆمان دەرکەوتووە بە ڕێژەی لە (٥٤٪) لەگەڵ بەڵێ دان سەبارەت بە کۆچی گەنج و لاوازی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکانی نێو ئەندامانی خێزان. ئەمەش هاوشێوەیە لەگەڵ توێژینەوەی عیسی، احلام احمد لە خاڵی یەکەمی دەرئەنجامەکان کە تایبەتە بە کۆچی گەنجان کاریگەری هەیە لەسەر خێزان و لاوازی پەیوەندیە خێزانیەکان و نەمانی جێگیری خێزان.

لەخشتەی ژمارە ( ٨ ) بۆمان دەرکەوتووە بە ڕێژەی لە ( ٤٤ ٪) لەگەڵ بەڵێ دان سەبارەت بە کۆچی کەنجان و بەهەدەر دانی دارایی، کە ئەمەش هاوشێوەیە لەگەڵ توێژینەوەی الشناوی، عمرو محمد کە لە خاڵی سێیەمی دەرئەنجامەکەی دەڵێت ئەوانەی کۆچ دەکەن لە ڕووی مادی زەرەر و زیانیان بەرکەوتووە

لە خشتەی هەر یەك لە ژمارە (١٢)و (١٣) لە ئەنجامەکەی بۆمان دەرکەوتووە کە کاریگەری کۆچ کردن لەسەر هاوسەرگیری بە ڕێژەی لە ( ٦٥ ٪) لەگەڵ بەڵێ دان. وە سەبارەت بە کۆچی گەنجان و ڕێژەی قەیرەیی کچان بە ڕێژەی لە ( ٥٧٪) لەگەڵ بەڵێ دان، ئەمەش هاوشێوەیە لەگەڵ توێژینەوەی عیسی، احلام احمد لە خاڵی دووەمی دەرئەنجامەکەی بریتییە لە کۆچی گەنجان دەبێتە هۆی دواکەوتنی هاوسرگیری، بە تایبەتی دروست بوونی قەیرەیی لای ئافرەتان.

## بەشی سێیەم/ ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی کۆچکردنی گەنجان

### باسی یەکەم: کۆچکردن و جۆرەکانی

**ئەلبێرت کامۆ دەڵێت: " دایك نیشتیمان نییە، من لەکاتی ئازارەکانم هاوار بۆ دایکم دەکەم نەك خاکێك کە دەزانم هەرگیز بە هانامەوە نایەت ".**

### کۆچکردن

**کۆچکردن بە پرۆسەیەکی خۆویستانە دادەنرێ، نموونە کۆمەڵگا هەیە دانیشتووانەکەی جێگیرە، لەگەڵ ئەوەشدا ئارەزوی کۆچکردن، هەندێ کەس کۆچ دەکەن و ئەوانی تر لە شوێنی خۆیان دەمێننەوە. ئەم کەسانەی کۆچ دەکەن دابەشکردنێکی هەرەمەکی تایبەتمەندییە بایۆلۆژی و کلتووریەکانی مرۆڤ نانوێنێ. گرنگترین و شیاوترین فاکتەری کۆچکردن تەمەنە، کە لە هاتوچۆی ناو یەك وڵات و تەنانەت بزاوتەکانی نێوان وڵاتانیش، زیاتر گەنجان و گەورەکان دەگرێتەوە و ئەوان زیاتر شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان دەگۆڕن، گەنجان بە شێوەیەکی گشتی دەتوانن زیاتر لەگەڵ هەلومەرجە تازەکان بگونجێن، چونکە تازە چوونەتەوە ناو بازاڕەکانی کار و ئاسانتر دەتوانن هەلومەرجی خۆیان بگۆڕن.( سهاونە و سمحە، ٢٠٠٩، ل١٧٢)**

### جۆرەکانی کۆچکردن

#### ١- کۆچکردن لە بارەی سنوری سیاسی ووڵاتەوە:

**ئەو جۆرە کۆچکردنەیە کە لە تێپەڕاندنی سنووری وڵاتەوەیە یاخود تێنەپەڕاندنی سنوری وڵاتەوە. کە ئەمەش دەبێتە دوو جۆر :**

**أ - کۆچکردنی ناوخۆیی: واتە لە چوارچێوەی سنوری سیاسی وڵاتەکە تێناپەڕێت، وەکو ئەو تاك و خێزانانەی لە لادێکانەوە کۆچ دەکەن بۆ ناو شار یان هەندێك شارۆچکەوە بۆ شارە گەورەکان و پایتەختی وڵاتەکە شوێنی خۆیان دەگوازنەوە، یانیش لە شارەوە بۆ لادێ کۆچ دەکەن.**

ب - **کۆچکردنی دەرەکی:** بریتییە لە تێپەڕاندنی سنوری سیاسی وڵات و بە جێ هێشتنی شوێنی نیشتەجێبوون وە ئەم جۆرەی کۆچ کردنە کاریگەی خراپ دەخاتە سەر دیاردە دانیشتووانیەکانی وەکو قەبارە و پێکهاتەی ڕەگەزی و زانستی و تەمەن و دەستی کار و دیاردەی دابەشبوون.

## ٢- کۆچکردن لە بارەی خواست و ویستەوە.

ئەم جۆرەی کۆچکردنە دەگرێتەوە کە پەیوەستن بە ویستی ئەوانەی کۆچ دەکەن، تا چەند ئەم کۆچکردنە ئارەزو مەندانیە یا بە ناچاریی و زۆرە ملێیە. ئەمەش دەبێتە سێ جۆر:

أ - **کۆچکردنی ئارەزوو:** جۆرێکە لە جۆرەکانی کۆچکردنی تاك یان خێزانەکان، بەزۆری ئەو خێزانانە دەگرێتەوە کەلە کۆمەڵگەی خۆشگوزەران و پێشکەوتوودا بە دوای دابینکردنی پێداویستییە بنەڕەتییەکانی ژیان و مسۆگەر کردنی سەرچاوەیەکی تایبەتی بژێویدا دەگەڕێن.

ب - **کۆچکردنی ناچاری:** بریتییە لەو جۆرە کۆچکردنەی کە لە ژێر فشار و پاڵەپەستۆی هۆکارێك یان چەند هۆکارێکدا وەکو نەبوونی کار و نەبوونی خزمەتگوزاری و سەختی ژیان و گرفتی کۆمەڵایەتی و تەنگ دەستی یان نەهاتنە دی هیوا و ئاواتەکانیان کۆچ دەکەن و وڵاتەکەیان بە جێ دەهێڵن.

ت - **کۆچکردنی زۆرە ملێ:** بریتییە لە هەڵکەندن و جێگە پێ چۆلکردن و گواستنەوەی بەشێکی دانیشتووان بە زۆری لە لایەندەسەڵاتەوە چ بە نیازی نەهێشتنی جیاوازیە نەتەوەیی و کلتوریەکان بێت وەکو ئەوەی لە هەشتاکانی کوردستانی خۆماندا ڕوویاندا. جاری واش هەیە بە هۆی پلانی خزمەتگوزارییەوە کۆچیان پێ دەکەن.

## ٣- کۆچکردن لە ڕووی کاتەوە:

مەبەست لەم جۆرە کۆچکردنە ئەوەیە، کە ئەو کەسەی یان خێزانەی کۆچ دەکەن بۆ ئەو شوێنەی چوونە ماوەکەی چەندە و چەند دەمێننەوە. کە ئەمەش دەبێتە دوو جۆر:

أ - **کۆچکردنی کاتی:** ئەو جۆرە کۆچکردنەیە کە تاکەکان یان خێزانەکان بۆ ماوەیەکی دیاری کراو کۆچ دەکەن و دوای تەواوبوونی کاتەکە دەگەڕێنەوە شوێنی نیشتەجێبوونیان. وەکو گەرمیان و کوێستانی کۆچەرییەکان.

ب - **كۆچكردنی هەمیشەیی**: بریتییە لە بەجێهێشتنی یەكجارەكی شوێنی نیشتەجێبوون و وەرگرتنی كلتوری ژینگەی نوێ كە تیایدا گۆڕانی ڕیشەیی لە ڕەفتار و كەسایەتی خودی كۆچبەر یان ئەوەی دووەمیاندا ڕوو دەدات. وردە وردە تەواوی پەیوەندیەكانیان بە شوێنی پێشویانەوە دەپچڕێت.

## ٤- ئامرازەكانی كۆچكردن:

پەیدابوون و پێشكەوتنی ئامرازەكانی هاتوچۆ و گواستنەوە و گەیاندن ڕۆڵێكی بنچینەیی گێڕاوە لە پرۆسەی كۆچكردنی دانیشتواندا، بۆیە جێگەی سەرسوڕمان نییە بەرزبوونەوەی ڕێژەی كۆچكردن هاوكات لەگەڵ پەرەسەندنی هێڵی ئاسنین و دروستكردنی شەمەندەفەردا بەدەركەتووە.(شوانی، ٢٠١٣، ل١٥٧)

## باسی دووەم/ هۆكارەكانی كۆچكردن

١. قەیرانەكان: بەیەكێك لە هۆكارەكان دادەنرێت بۆ كۆچی گەنجان و جێهێشتنی زێد و خاڵ و نیشتیمان، بەتایبەتی قەیرانی بودجە و موچە
٢. بێكاری: لەگەڵ سەرهەڵدانی قەیرانەكان بێكاریش وەك یەكێك لە گرفتە سەرەكییەكانی گەنجان لە جیهاندا، كە كاریگەری ڕاستەوخۆی لە بژێوی ژیان و جێگر بوون و داهاتووی نەوەكانەوە هەیە.
٣. نارۆشنی لە داهاتوویەكی پرشنگدار: بەردەوام بوونی مرۆڤ لە لە ژیاندا پەیوەندییەكی ڕاستەخۆی بە بوونی داهاتوویەكی باشتر و ژیانێكی شایستەتر و بەدەسهێنانی بەختەوەری و ئومێدێكی دەرونی بۆ گەیشتن بە ئاستێكی باڵا و بەرز لە ڕووی ڕوحی و مادی. بەڵام كاتێك ئومێدیان بەم ژیانە نەبوو ئەوا كۆچ دەكەن و نیشتیمان جێدێڵن.
٤. نائومێدبوونی گەنجان لە سیستەمی سیاسی و دەسەڵاتی حكومەت و دەزگاكان و حیزبە سیاسیەكان و سەركردەكان. كە ناتوانن چاكسازی ڕاستەقینە بكەن و گەندەڵی نەهێڵن، و حكومەتێكی یەكسان و دادپەروەر بۆ هاوڵاتیان فەراهەم بكەن.
٥. فەرمۆشكردنی گەنجان: بەگەڕخستنی تواناكانی گەنج و نەخوێندنەوەی هەستەكانی و سود نەبینین لە هێزی گەنج كە بڕبڕەی پشتی كۆمەڵگایەكی سەركەوتووە، بە شێوەیەك گەر نەتوانرێت پێداویستی و داواكارییە بەرجەستەیی و ماددییەكان بۆ گەنج دابینبكرێت، ناكرێت لە ڕێنمایی كردن و

ئاراستەکردنی مەعنەوی  و هاندان و خۆشەویستی نیشتیمان و پاراستنی کەلتووری ئاینی بێ بەش بکرێن.( ئەسکەندەر، ٢٠١٦، لا٧٨)

٦. هۆکاری ئابووری: هۆکاری ئابووری کاریگەرییەکی زۆری هەیە لە سەر کۆچکردن، ئەوانەی کۆچ دەکەن زیاتر دەیانەوێ ئابووریەکی باش و داهاتوویەکی روونیان هەبێت.

٧. هۆکاری کۆمەڵایەتی: گوند و شارە بچووکەکان بە ئاسانی کۆنترۆڵ دەکرێن. ئەوانەشی دەیانەوێ درێژە بە خوێندن و زانست بدەن کۆچ دەکەن، چونکە نەبوونی شوێنی گونجاوی خوێندن و لاوازی کەرتی تەندروستی لە گوندەکان . شاسوار، ٢٠٠٨، ١٣)

## باسی سێیەم/ ئاکامە کۆمەڵایەتیەکانی کۆچکردن

### ئاکامە ئەنترۆپۆلۆژیەکانی کۆچکردن:

لە ڕووی ئەنترۆپۆلۆژیەوە یەکێك لە ئاکامە گرنگەکانی کۆچکردن و تێکەڵاوبوونی گروپی مرۆییە جیاوازەکانە لە ڕووی پێکهاتەی جەستەییەوە، دروستکردنی پەیوەندی و ئەنجامدانی هاوسەرگیری و خستنەوەی نەوەی نوێیە لە ئەنجامی خێزانی تێکەڵاو یان هاوسەرگیری تێکەڵاوە، واتە ژن و مێردایەتی لە نێوان پیاو و ئافرەتە ڕەگەز جیاوازەکاندا لە ڕووینەژادیەوە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر تایبەتمەندی و خەسڵەتە دانیشتوانیەکاندا، چونکە تاکی کۆچکەرە جیاوازەکان ڕووبەڕووی چەندین جۆری تێکەڵاوی پەیوەند دەبنەوە، جگە لەوەی لە بارەی شێوازی ژیان و ڕەفتارکردنەوە خۆیان لەبەردەم نموونەیەکی نوێدا دەبیننەوە، ئەو ناوەندەی بۆی هاتوون تەواو جیاوازە لە ناوەندی پێشوویان.

### ئاکامە دیمۆگرافیەکانی کۆچکردن

لە ڕووی دیمۆگرافیەوە کۆچکردن کاریگەری دەخاتە سەر هەر دوو کۆمەڵگاکە، چ ئەوەی بەجێی هێشتووە و چ ئەوەی بۆی چووە، پێکهاتەی ڕەگەزی لاسەنگ دەکات بە کۆچکردنی پیاوان و مانەوی ڕێژەیەکی بەرزی ئافرەتان لە کۆمەڵگای کۆچ لێکردوو بەڵام بە پێچەوانەوە ڕێژەی نێرینە لەو کۆمەڵگایانەدا بەرز دەبێتەوە کە هەمیشە وەکو ناوەندێك بووەتە جێی ڕاکێشانی کۆچ کەران.

## ئاكامە کۆمەڵایەتیەکانی کۆچکردن

لە ڕووی کۆمەڵایەتی و پێکهاتە و بونیادی کۆمەڵگاکانەوە، بێ گومان هەمیشە کۆچکردن ڕووبەڕووی دوو شێوازی ڕێکخستن و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی جیاواز دەبنەوە، هەندێك لەم جیاوازیانە زۆر بە سوودن، بە تایبەتی بۆ ئەوانەی لە گوند و لە ناو کۆمەڵگا خێڵەکی و دوواکەوتووەکانەوە کۆچ دەکەن بۆ شارە گەورەکان و ناوەندێکی زۆر پێشکەوتوو بە بەراورد لەگەڵ ناوەندەکەی خۆیان، ئەمە دەبێتە هۆی تێکشان و لەبەر یەك هەڵوەشانەوەی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەی بەڕێوە دەبردن لە گوندەکان و لە ناوچەکانی خۆیاندا، بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار ڕایەڵەی پەیوەندیە خزمایەتییەکانیان لاوازتر دەبێت و لە شوێنی ئەو پەیوەندیدانەدا هاوڕێیەتی قوتابخانە و شوێنی کار و دامەزراوە فەرمیەکان و سوندیکا و ڕێکخراوە پیشەییەکان شوێنی ئەو پەیوەندیانە دەگرنەوە و لە جیاتی سنور و چواچێوەی خێڵ و گوند و خزمایەتی پەیوەندی هاوڵاتی و نیشتیمانی دروست دەبێت.

## ئەو ئاکامانەی پەیوەندیان بە ژمارە و شوێنەوە هەیە:

ڕەنگە لە ڕووی جوگرافیەوە ئەمە گەورەترین و کاریگەرترین ئەو ئاکام و دەرئەنجامانە بێت لە کۆچکردن دەکەونەوە، پەیوەندی بە دوو زنجیرە تەواوکەری یەکترەوە هەیە، یەکەمیان ئەوەی پەیوەندی بەو ناوچانەوە هەیە کە ڕاکێشەری گروپە مرۆییەکانن ، ئەمەش دەبێتە هۆی فراوانبوونی شارەکان و هێشکردنە سەر زەوی و زاری کشتوکاڵی دەوروبەر و داگیرکردنی گوندەکانی کەناری شار و ئاوەدانکردنەوەی زەوی و زاری نزیك شار بە خانوبەرە و بیناسازی، لێرەدا چڕی دانیشتوان و بەرزبوونەوی ڕێژەی پێکەوە ژیانی مرۆڤەکان بەرز دەبێتەوە، لە بەرامبەر ئەمەشدا بە پێچەوانەوە ژمارەی دانیشتوانی ناوچەکانی دەوروبەری کەم دەبنەوە و لە چالاکییەکانی شاریش کەم دەکەنوە، گوندەکان چۆل دەبن و کێڵگە کشتوکاڵیەکانی بە نەکێلراوی دەمێننەوە.(شوانی، ٢٠١٣،ل١٦٢)

## ئاكامە باشەكانى كۆچكردن

١. گەشتكردنى زانستى بۆ دەرەوەى ولات خواستى زياترى لەسەرە، هەروەها كۆچكردووەكان هەلى كاركردنى زياتريان بۆ دەڕەخسێ بە جياواز لەگەڵ ولاتى خۆى دەگاتە قۆناغێكى تر بۆ كۆكردنەوەى داهات.
٢. گەورەترين كێشەى ولاتانى دەرەوە ئەوەيە كەمى ژمارەى دراوى نيشتيمانى.
٣. جێ بە جێ كردنى كردارى خەواندنى دارايى لەماوەى زياد كردنى ( دارايى ) وە هەروەها زياد كردنى ژمارەى كۆچكردووەكان بۆ ولاتانى دەرەوە وەكو خواستى كارا و گەورە بەراورد بە خواستى ئاسايى خۆى لە كردارى بەرهەمهێنان.
٤. كۆچكردن يارمەتى جێ بە جێ كردنى كردارى خەواندن دەدات لەم ماوەيەدا. بەردەوام ولاتانى دەرەوە خەواندنێكى ناوەنديان هەبووە بە ڕێژەى لە ٢١,٥٪ لە ساڵى ٢٠٠٠ . وە لە ٢٧٪ لە ساڵى ٢٠٠٥. وە ١٢,٣٪ لە ساڵى ٢٠٠٧. وە هەروەها لە ٨,٩٪ لە ساڵى ٢٠٠٨.
٥. ناردنەوەى داهاتێكى گەورە دەرئەنجامن بۆ كۆچكردنى گەنج بۆ ولاتانى يارمەتى دەرى دەرەوە.

( سلمان، ٢٠١٤، ص١٦٠)

## ئاكامە خراپەكانى كۆچكردن

١. ناردنە دەرەوەى داهات و پارەى كۆچكردووەكان لو ولاتانى يارمەتى دەرى دەرەوە، ساڵانە داهاتێكى گەورە كۆ دەكەنەوە دەبێتە هۆى بەرز بوونەوەى خواست لەسەر دراوى ولاتان، وە بە قيمەت بوونى دراويان
٢. ڕەخساندنى بازاڕى كاركردن و بەرزكردنەوەى خواست، ولاتانى دەرەوە بازاڕى كاركردنيان بەرز كردەوە زيادە ڕۆييەكى گەورەيان كرد لە دراو.
٣. پاڵنانى لەسەر پێداويستيە گشتييەكان، بەرز بوونەوەى ڕێژەى ناردنەوەى داهات بە ڕێژەيەكى بەرچاو لە گرنگترين سەرچاوەكانە لە چاو ولاتى خۆى. وەرگرتنى داهات لە لايەن ولاتانى دەرەوە بەرامبە بە پێدانى هەندێك خزمەتگوزارى گشتى كە جێ بە جێيان كردووە لە تەرازوى حكومەت وەك ئاسودەيى، تەندروستى كارگوزاريە كۆمەڵايەتييەكان.
٤. لايەنە دارايەكە كێشەيەكى ترە كۆچكردووەكان تووشى كۆمەڵێك كێشە دەبن.

( سلمان، ٢٠١٤، ص١٥٤)

# بەشی چوارەم

## باسی یەکەم: خێزان

### جۆرەکانی خێزان

١. به پێی جۆری پەیوەندی جێگیر و ژمارەی ئەندامەکانی خێزان. دەکرێن به دوو بەشی گرنگ:

أ - جۆری یەکەم ئەو جۆرە خێزانەیە لە کۆمەڵگەکانی سەرەتایی و دێرینە پێی دەوترێت جۆری

ب - ئاوێتە یا فراوان، ئەویش پێك دێت لە باوك و دایك و منداڵ و داپیر و باپیر و خوشك و برای ژن و پیاوەکەیە.

ت - جۆری دووەم خێزانی ناو کۆمەڵگەکانی نوێیە کە بە ساکار ناو دەبرێت، ئەویش پێك دێت لە ژن و مێرد و منداڵەکانیان.

٢. به گوێرەی دەسەڵاتداری مێردەکە یان ژنەکە، ئەوەش سێ جۆرە:

أ - ئەو خێزانەی کە دەسەڵاتداری لە کاروباری خێزاندا لە دەست ژنەکەوەیە، ئەم جۆرە پێی دەوترێت خێزانی دایکێتی.

ب - ئەو خێزانەی کە دەسەڵاتداری لە کاروباری خێزاندا لە دەست مێردەکەیە، ئەم جۆرە پێی دەوترێت خێزانی باوکێتی.

ت - ئەو جۆرە خێزانانەی کە مێرد و ژن لە دەسەڵاتداری و سەرپەرشتی ماڵ هاوبەشن، ئەم جۆرەش پێی دەوترێت خێزانی دیموکڕاتی.

٣. به گوێرەی ژمارەی مێرد و ژن. ئەمەش دوو جۆرە:

أ - جۆری یەکەم پێی دەوترێت یەك ژن و پیاوی، لەم جۆرە خێزانەدا تەنها مێرد و ژنێك دەبن تاکو پەیوەندی مێرد و ژن لە نێوانیاندا مابێت بۆ پیاو نابێ ژنێکی تر بێنێت و بۆ ژنەکەش نابێ مێردێکی تر بکات.

ب - جۆری دووەم پێی دەوترێت فرە هاوسەری، لەم جۆرە خێزانەدا پیاو دەتوانێت لە ژنێك زیاتر بێنێت، هەروەها ژنەکەش دەشێ لە مێردێکی تری هەبێت . ئەگەر پیاوەکە لە ژنێك زیاتر بێنێت پێی دەوترێت ژن- زۆر . وە ئەگەر ژن لە مێردێك زیاتری هەبێت لە یەك کاتدا ئەوە پێی دەوترێت مێرد- زۆر

٤. به گوێرەی جێگای حەوانەوە، ئەمەش سێ جۆری هەیە:

أ - خێزانی ماڵی باوك نشین ئەو بنەماڵەیە کە ژن و مێرد لە ماڵی دایك یا باوکی مێردەکە دەحەوێنەوە.

ب - خێزانی ماڵی دایك نشین ئەو خێزانەیە کە لە ماڵی دایك یا باوکی ژنەکە دەحەوێنەوە.

ت - خێزانی سەربەخۆ ئەو خێزانەیە ئەو خێزانەیە ژن و مێرد بەیەکەوە دەژین و سەربەخۆن لە خزم و کەسی هەردووکیان.(سەیدزادە، ٨٨)

## باسی دووەم: پیشەی خێزان

### ئەرکەکانی خێزان

١. ڕێکخستنی کرداری سێکسی و لە دایك بوون: لەگەڵ ئەوەدا کە مرۆڤەکان بوونەوەری کۆمەڵایەتین، وەکە گیان لە بەرانی تر حەز و مەیلی سێکسییان هەیە و دەبێت پڕ بکرێتەوە. سومبولی سێکسیو بە شێواز و لە فۆڕمی جیاوازدا لە هەموو کۆمەڵگاکان بەرچاو دەکەون، دەوڵەت دەتوانێ لە ڕێگەی کۆمەڵێك یاسای توندەوە چاودێری پەیوەندی سێکسی خێزانەکان بکەن.

٢. چاودێریکردن و پاراستنی منداڵان و بە ساڵاچوان: منداڵان ناتوانن پارێزگاری لە خۆیان بکەن، بۆیە خێزان بەرپرسی سەرەکی چاودێریکردنی جەستە و لایەنی ئابوورییانە. جگە لەمانە، خێزان بەرپرسی پاراستن و دابینکردنی ئابووری ئەندامانی بێ توانا و بە تەمەنەکانە.

٣. بە کۆمەڵایەتیکردنی منداڵان: لە سەرتاسەری مێژووی مرۆڤایەتیدا، خێزان هەمیشە هۆکاری سەرەکی بە کۆمەڵایەتیکردنی یەکەمی منداڵان بووە. دوای لە دایك بوون، خێزان بۆ قۆناغێکی دوور و درێژ، تاکە گروپێکە کە لەگەڵ منداڵدا پەیوەندیەکی ئێجگار زۆری هەیە، بۆیە دەبێت بە تەواوی لەگەڵ بەها و داب و نەریت و ئادابەکانی کۆمەڵگای شاد بکات.

٤. پێدانی پلە و پێگەی کۆمەڵایەتی: لە زۆربەی ئەو کۆمەڵگایانەدا کە پشت بە کشتوکاڵ دەبەستن، خێزان لە ڕووی ئابوورییەوە یەکەیەکی بەرهەمهێن و یەکەیەکی بەکار بەریشە. خێزان لە ڕووی نەریتییەوە، بەرپرسی بەدیهێنانی پێداویستییە ئابوورییە بونیادییەکانی ئەندامانی بووە. (کۆهین، ٢٠١٠، ١٢٦)

## تەوەری دووەم/ لایەنی مەیدانی توێژینەوە

### بەشی پێنجەم: کارا کارامەییەکانی لایەنی مەیدانی

### باسی یەکەم/ میتۆدی توێژینەوە

**میتۆد ڕێسا گەلێکی گشتییە، کە توێژەر بۆ ڕێکخستنی بیروبۆچوون و زانیاریەکانی پشتیان پێ دەبەستێ، لە پێناو گەیشتن بە ئەنجامی ویستراو. ئەو میتۆدەی ئێمە بەکارمان هێناوە میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بە نموونە بەکارهاتووە.**

### باسی دووەم: کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوە

**کۆمەڵگەی توێژینەوە**: سەرجەم ئەو تاکانەن( مرۆڤ، دامەزراوە، بەرنامەی تەلەفزیۆنی، گۆڤار، شمەك..تاد) کە لە خەسڵەتێکی تێبینیکراودا هاوبەشن. لە توێژینەوەی زانستیدا تاکە پێوەرێك بۆ کۆمەڵگەی توێژینەوە، بریتیە لە بوونی خەسڵەتێکی هاوبەش لە نێوان تاکەکانیدا کە شایەنی تێبینیکردن بێت. (بۆکانی، ١٢٥,٢٠١٦)

لێرەدا کۆمەڵگەی توێژینەوەی ئێمە قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین بووە،

**نموونەی توێژینەوە**: نموونە بەشێکی دیاریکراوە لە گشت و نوێنەرایەتی تەواوی ئەو گشتە دەکات لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتی.

**نموونە**: بریتییە لە گروپە تاکێك یان یەکەیەك لە ناو پێکهاتەیەکی گەورەتر و فراوانتر دا هەڵدەبژێردرێن و هەمان خەسڵەتی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەیان هەیە.

(بە مەرجێك بوار بۆ هەر تاکێك یان یەکەیەکی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بە یەکسانی بڕەخسێت تا ببێتە ئەندامی نموونەی توێژینەوەکە بێ دەستێوەردان و لایەنگیری و حەزی توێژەر). ( شوانی، ٢٠١٥، ١٨٢)

لێرەدا نموونەی توێژینەوەکەمان بریتییە لە قوتابیانی کۆلێژی ئاداب، کە ڕێژەی قوتایانی ٣٢٧٠ قوتابیە، پرسیارەکانمان بە شێوەیەکی یەکسان خستۆتە سەر فۆڕمێك و ئاراستەی لێتوێژەرمان کردووە. کە نموونەکەمان نموونەی مەبەستدار بووە. کە خۆی لە ١٠٠ قوتابی دەدات

## باسی سێیەم /بوارەکانی توێژینەوە

بوارەکانی توێژینەوە بۆ سێ بەش دابەش دەبن:

بواری جوگرافی(شوێن): مەبەست لە بواری شوێن ئەو شوێنەیە کە توێژەر تێدا ئەنجامی دەدات. بواری شوێنی ئەم توێژینەوەیەش لە کۆلێژی ئاداب زانکۆی سەلاحەدین لە شری هەولێر ئەنجام دراوە

بواری مرۆیی: دیاری کردنی کۆمەڵە کەسانێك دەبنە کۆمەڵگەی توێژینەوە، ئێمەش هەڵساوین بە وەرگرتنی هەر دوو ڕەگەز ( نێر و مێ ) لە قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین لە شاری هەولێر کە ژمارەیان ( ٥٠ ) قوتابیە لە نێر و مێ

بواری کات: مەبەست لە

بواری کات ئەو ماوەیە کە کاتە تایبەتە و ئەندامانی توێژینەوەکە. ئەم توێژینەوە دەستی پێکردووە لە ( ١٠-١٠-٢٠٢١ تاوەکو ١٠-٤-٢٠٢٢ )

## باسی چوارەم/ ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری زۆر و جۆراوجۆرن، لەسەر توێژەر پێویستە ئامرازی گونجاو بەکار بهێنێت بۆ کۆکردنەوەی زانیاری تایبەت بە توێژینەوەکەی بە جۆرێك گونجاو بێت لەگەڵ میتۆدی توێژینەوەکە و سروشت و جۆری نموونەی توێژینەوەکە، خەسڵەتەکانی کۆمەڵگاکەی هاوکات توانای ماددی و مرۆییەکانیش ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیارییەکان دیاری دەکەن، ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری لەم توێژینەوەیەدا سێ ئامرازن، ئامرازێکیان بۆ کۆکردنەوەی زانیارییە چەندیەتییەکانی توێژینەوەکە بەکارهاتووە کە بریتییە لە ( پێوەری بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتی). ئامرازەکەی دیکەیان بۆ کۆکردنەوەی زانیارییە چۆنیەتییەکانی توێژینەوەکە بەکارهاتووە، (حسن، ٢٠٢٠: ٨٣

پرسیارنامە یان فۆڕمی ڕاپرسی لە چەند بەشێك پێك دێت، لەسەرەتادا بە پێشەکیەك دەستمان پێکردووە، دواتر پرسیارەکانمان بە دوو جۆر خستۆتە بەر دەستی لێتوێژەرانەوە، کە ئەوانیش پرسیارە گشتییەکان و پرسیارە تایبەتیەکان، لە پرسیارە تایبەتیشەکانی کردمانەتە دوو تەوەر. تەوەری یەکەم لایەنی خراپی کۆچکردنە و تەوەری دووەمیش لایەنی باشی کۆچکردنە.

**دوای دانانی پرسیارەکانی فۆڕمی ڕاپرسی، و نیشان دانی بە کەسانی پسپۆڕ و شارەزا بە مەبەستی هەڵسەنگاندن، دوای تاوتوێ کردن و ڕێکخستن و بە ئەنجام گەیاندنی پرسیارەکان، گەیشتنە ئەنجامیکی دیاری کراو کە لە لایەن شارەزایانەوە پەسند کرا، کە لە پاشکۆدا وێنەیەکی فۆڕمەکەدا دانراوە، ئەنجامی کۆتایی و هەڵسەنگاندنی پرسیارەکان بە ڕێژەی لە ( ٩٢,٣٪ ) بووە.**

**فۆڕمەکە دراوە دراوە بە هەر یەك لە بەڕێزان:**

---

**دکتۆر عبداللە اسماعیل**

**دکتۆر زانا احمد پیرداود**

**دکتۆر هەژار خورشید نوری**

## باسی پێنجەم/ کەرەستە ئاماریە بەکارهاتووەکان

**کەرەستە ئامارییەکەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە، ڕێژەی سەدییە،**

$$\text{ڕێژەی سەدی} = \frac{\text{بەش}}{\text{لەسەر گشتی}} \times ١٠٠$$

## بەشی شەشەم

## خستنەڕووی شیکردنەوەی زانیارییەکان

### باسی یەکەم/ خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیاریە گشتییەکان

**خشتەی ژمارە ( ١ )**

**تەمەنی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە ڕوون دەکاتەوە.**

| تەمەن | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ١٨-٢٠ | ١٥ | ٪ ١٥ |
| ٢١-٢٣ | ٦٤ | ٪ ٦٤ |
| ٢٤-٢٦ | ٢١ | ٪ ٢١ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ٪ ١٠٠ |

لە خشتەی ژمارە ( ١ ) دەردەکەوێت کە ڕێژەی تەمەنی یەکەکانی نموونەکە لە (١٥٪) تاکەکان تەمەنیان لە نێوان ( ١٨-٢٠)ساڵیە، وە لە ( ٦٤٪ )یش تەمەنیان لە نێوان ( ٢١-٢٣) ساڵی دایە، وە لە ( ٢١٪ )یش تەمەنیان لە نێوان ( ٢٤-٢٦) دایە.

**خشتەی ژمارە ( ٢ )**

**ڕەگەزی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە ڕوون دەکاتەوە**

| ڕەگەز | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نێر | ٥٥ | ٪ ٥٥ |
| مێ | ٤٥ | ٪ ٤٥ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ٪ ١٠٠ |

له خشتەی ژماره ( ٢ ) دەردەكەوێت كه ڕێژەی  ڕەگەزی نێر له نموونەی توێژینەوەكه له ( ٥٥٪ ) دایه، وه ڕێژەی ڕەگەزی مێ له (٤٥٪ ).

**خشتەی ژماره ( ٣ )**

**باری كۆمەڵایەتی ئەندامانی نموونەی توێژینەوه ڕوون دەكاتەوه**

| باری كۆمەڵایەتی | ژماره | ڕێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|
| سەڵت | ٧٨ | ٪ ٧٨ |
| خێزاندار | ٢٢ | ٪ ٢٢ |
| جیابووەوه | ٠ | ٪ ٠ |
| تاك مردوو | ٠ | ٪ ٠ |
| **كۆی گشتی** | ١٠٠ | ٪ ١٠٠ |

له خشتەی ژماره ( ٣ ) دەردەكەوێت ڕێژەی سەڵت (٧٨٪)ە، وه ڕێژەی خێزاندار له (٢٢)ە، وه ڕێژەی جیابووەوه له (٠٪)ە، وه ڕێژەی تاك مردوو له (٠٪)ە.

**خشتەی ژماره ( ٤ ) باری ئابووری ئەندامانی نموونەی توێژینەوه ڕوون دەكاتەوه**

| باری ئابووری | ژماره | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| زۆر باش | ١١ | ٪ ١١ |
| باش | ٣٩ | ٪ ٣٩ |
| مام ناوەند | ٤٩ | ٪ ٤٩ |
| خراپ | ٠ | ٪ ٠ |
| زۆر خراپ | ١ | ٪ ٠ |
| **كۆی گشتی** | ١٠٠ | ٪ ١٠٠ |

لە خشتەی ژمارە ( ٤ ) دەردەکەوێت کە ڕێژەی زۆر باش لە (١١٪)ە، وە ڕێژەی باش لە (٣٩٪)ە، ڕێژەی مام ناوەند لە (٤٩٪)ە، وە ڕێژەی خراپ لە (٠٪)ە، وە ڕێژەی زۆر خرا پ لە (١٪)ە.

## خشتەی ژمارە ( ٥ )

### شوێنی نیشتەجێبوون ئەندامانی نموونەی توێژینەوە ڕوون دەکاتەوە

| شوێنی نیشتەجێبوون | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| شار | ٥٩ | ٥٩ ٪ |
| قەزا | ١٣ | ١٣ ٪ |
| ناحیە | ١٩ | ١٩ ٪ |
| لادێ | ٩ | ٩ ٪ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠ ٪ |

لە خشتەی ژمارە ( ٥ ) دەردەکەوێت کە ڕێژەی (٥٩٪) نیشتەجێی ناوەندی پارێزگان، وە (١٣٪)ی نیشتەجێی قەزان، وە (١٩٪) نیشتەجێی ناحیەن، وە (٩٪)ش نیشتەجێی لادێن.

## بەشی شەشەم

## باسی دووەم/ خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیاریە تایبەتیەکان

**خشتەی ژمارە ( ٦ )**

**ئاکامی کۆچکردنی گەنجان بۆ دەرەوە لەسەر لە دەستدانی سەرپەرشتیار و بەخێوکەری خێزان ڕوون دەکاتەوە**

| هەڵبژاردنی پرسیار | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٤٢ | ٪ ٤٢ |
| تارادەیەك | ٤٩ | ٪ ٤٩ |
| نەخێر | ٩ | ٪ ٩ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ٪ ١٠٠ |

**لە خشتەی ژمارە ( ٦ ) بۆمان دەردەکەوێت، بە ڕێژەی (٤٢٪ ) بەڵێ، وە بە ڕێژەی ( ٤٩٪ ) تا ڕادەیەك، وە بە ڕێژەی ( ٩٪ ) نەخێرە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت تاکەکانی نمونە زۆربەیان لەگەڵ تارادەیەك دا سەبارەت بە لەدەست دانی سەرپەرشتیار و بەخێوکەری خێزان**

**خشتەی ژمارە ( ٧ )**

**کۆچی گەنج و لاوازی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی نێو ئەندامانی خێزان ڕوون دەکاتەوە**

| هەڵبژاردنی پرسیار | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٥٤ | ٪ ٥٤ |
| تارادەیەك | ٣٤ | ٪ ٣٤ |
| نەخێر | ١٢ | ٪ ١٢ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ٪ ١٠٠ |

**له خشتەی ژمارە ( ٧ ) بۆمان دەردەکەوێت، بە ڕێژەی (٥٤٪ ) بەڵێ، وە بە ڕێژەی ( ٣٤٪ ) تا ڕادەیەك، وە بە ڕێژەی ( ١٢٪ ) نەخێرە.لێرەدا بۆمان دەردەکوێت کە تاکەکانی نمونەکە زۆربەیان لەگەڵ ئەوەن پەیوەندی کۆچکەر بە ئەندامانی خێزانی لاواز دەبێت.**

**خشتەی ژمارە ( ٨ )**

**کۆچی گەنجان و بەهەدەردانی دارایی ڕوون دەکاتەوە.**

| هەڵبژاردنی پرسیار | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٤٤ | ٤٤ ٪ |
| تاڕادەیەك | ٣١ | ٣١ ٪ |
| نەخێر | ٢٥ | ٢٥ ٪ |
| **کۆی گشتی** | **١٠٠** | **١٠٠ ٪** |

**له خشتەی ژمارە ( ٨ ) بۆمان دەردەکەوێت، بە ڕێژەی (٤٤٪ ) بەڵێ، وە بە ڕێژەی ( ٣١٪ ) تا ڕادەیەك، وە بە ڕێژەی ( ٢٥٪ ) نەخێرە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت زۆربەی تاکەکانی نمونەکە لەگەڵ ئەوە دان بەفیڕۆدانی داراییەکی زۆری تێ دەچێت.**

**خشتەی ژمارە ( ٩ )**

**کۆچی گەنجان و تێکچوونی باری دەروونی باوانیان ڕوون دەکاتەوە**

| هەڵبژاردنی پرسیار | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٣٩ | ٣٩ ٪ |
| تاڕادەیەك | ٥٠ | ٥٠ ٪ |
| نەخێر | ١١ | ١١ ٪ |
| **کۆی گشتی** | **١٠٠** | **١٠٠ ٪** |

له خشتەی ژمارە ( ٩ ) بۆمان دەردەکەوێت، بە ڕێژەی (٣٩٪ ) بەڵێ، وە بە ڕێژەی ( ٥٠٪ ) تا ڕادەیەك، وە بە ڕێژەی ( ١١٪ ) نەخێرە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت زۆربەی تاکەکانی نموونەکە لەگەڵ تاڕادەیەك دان سەبارەت بەتێکچوونی باری دەروونی باوانیان.

**خشتەی ژمارە ( ١٠ )**

**کۆچی گەنجان و تێکچوونی شیرازەی خێزان ڕوون دەکاتەوە.**

| هەڵبژاردنی پرسیار | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٤١ | ٪ ٤١ |
| تاڕادەیەك | ٤٥ | ٪ ٤٥ |
| نەخێر | ١٤ | ٪ ١٤ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ٪ ١٠٠ |

له خشتەی ژمارە ( ١٠ ) بۆمان دەردەکەوێت، بە ڕێژەی (٤١٪ ) بەڵێ، وە بە ڕێژەی ( ٤٥٪ ) تا ڕادەیەك، وە بە ڕێژەی ( ١٤٪ ) نەخێرە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت زۆربەی تاکەکانی نموونەکە لەگەڵ تاڕادەیەك دان سەبارەت بەتێکچوونی شیرازەی خێزان.

**خشتەی ژمارە ( ١١ )**

**کۆچی گەنجان و تووش بوونی باوانیان بە نەخۆشی درێژخایەن ڕوون دەکاتەوە.**

| هەڵبژاردنی پرسیار | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٣ | ٪ ٢٣ |
| تاڕادەیەك | ٤٠ | ٪ ٤٠ |
| نەخێر | ٣٧ | ٪ ٣٧ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ٪ ١٠٠ |

له خشتەی ژمارە ( ١١ ) بۆمان دەردەکەوێت، بە ڕێژەی (٢٣٪ ) بەڵێ، وە بە ڕێژەی ( ٤٠٪ ) تا ڕادەیەك، وە بە ڕێژەی ( ٣٧٪ ) نەخێرە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت زۆربەی تاکەکانی نموونەکە لەگەڵ تاڕادەیەك دان سەبارەت تووش بوونی باوانیان بەنەخۆشی درێژ خایەن.

خشتەی ژمارە ( ١٢ )

کۆچی گەنجان و کەمبوونەوەی ڕێژەی هاوسەرگیری ڕوون دەکاتەوە.

| هەڵبژاردنی پرسیار | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٦٥ | ٦٥ ٪ |
| تاڕادەیەك | ٢٢ | ٢٢ ٪ |
| نەخێر | ١٣ | ١٣ ٪ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠ ٪ |

له خشتەی ژمارە ( ١٢ ) بۆمان دەردەکەوێت، بە ڕێژەی (٦٥٪ ) بەڵێ، وە بە ڕێژەی ( ٢٢٪ ) تا ڕادەیەك، وە بە ڕێژەی ( ١٣٪ ) نەخێرە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت زۆربەی تاکەکانی نموونەکە لەگەڵ ئەوە دان کە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی هاوسەرگیری.

خشتەی ژمارە ( ١٣ )

کۆچی گەنجان و ڕێژەی قەیرەیی کچان ڕوون دەکاتەوە.

| هەڵبژاردنی پرسیار | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٥٧ | ٥٧ ٪ |
| تاڕادەیەك | ٣٣ | ٣٣ ٪ |
| نەخێر | ١٠ | ١٠ ٪ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠ ٪ |

له خشتەی ژمارە ( ١٣ ) بۆمان دەردەکەوێت، بە ڕێژەی (٥٧٪ ) بەڵێ، وە بە ڕێژەی ( ٣٣٪ ) تا ڕادەیەك، وە بە ڕێژەی ( ١٠٪ ) نەخێرە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت زۆربەی تاکەکانی نموونەکە لەگەڵ ئەوە دان کە دەبێتە هۆی زۆر بوونی ڕێژەی قەیرەیی.

**خشتەی ژمارە ( ١٤ )**

**کۆچی گەنج و زیاد کردنی دڵەڕاوکێ لە ناو ئەندامانی خێزان ڕوون دەکاتەوە.**

| هەڵبژاردنی پرسیار | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٤٧ | ٤٧ ٪ |
| تاڕادەیەك | ٤٤ | ٤٤ ٪ |
| نەخێر | ٩ | ٩ ٪ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠ ٪ |

له خشتەی ژمارە ( ١٤ ) بۆمان دەردەکەوێت، بە ڕێژەی (٤٧٪ ) بەڵێ، وە بە ڕێژەی ( ٤٤٪ ) تا ڕادەیەك، وە بە ڕێژەی ( ٩٪ ) نەخێرە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت زۆربەی تاکەکانی نموونەکە لەگەڵ ئەوە دان کە دەبێتە هۆی زیاد بوونی دڵەڕاوکێ لە نێو ئەندامانی خێزان.

**خشتەی ژمارە ( ١٥ )**

**کۆچی گەنج و لاواز بوونی ئەرکی باوانیان لە پەروەردە و بەخێوکردنی منداڵ ڕوون دەکاتەوە.**

| هەڵبژاردنی پرسیار | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٥ | ٢٥ ٪ |
| تاڕادەیەك | ٤٧ | ٤٧ ٪ |
| نەخێر | ٢٨ | ٢٨ ٪ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠ ٪ |

له خشتەی ژمارە ( ١٥ ) بۆمان دەردەکەوێت، بە ڕێژەی (٢٥٪ ) بەڵێ، وە بە ڕێژەی ( ٤٧٪ ) تا ڕادەیەك، وە بە ڕێژەی ( ٢٨٪ ) نەخێرە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت زۆربەی تاکەکانی نموونەکە لەگەڵ تاڕادەیەك دان سەبارەت بەلاوازی ئەرکی پەروەردە و فێرکردن لای خێزانەکانیان.

خشتەی ژمارە ( ١٦ )

کۆچی گەنجان و تێکدانی کەسایەتی ئەندامانی خێزان ڕوون دەکاتەوە.

| هەڵبژاردنی پرسیار | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٤٤ | ٪ ٤٤ |
| تاڕادەیەك | ٤٤ | ٪ ٤٤ |
| نەخێر | ١٢ | ٪ ١٢ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ٪ ١٠٠ |

له خشتەی ژمارە ( ١٦ ) بۆمان دەردەکەوێت، بە ڕێژەی (٤٤٪ ) بەڵێ، وە بە ڕێژەی ( ٤٤٪ ) تا ڕادەیەك، وە بە ڕێژەی ( ١٢٪ ) نەخێرە. لێرەدا دەردەکەوێت بە هەر یەکە لە بەڵێ و تاڕادەیەك دان سەبارەت بە تێکدانی کەسایەتی ئەندامانی خێزان

خشتەی ژمارە ( ١٧ )

کۆچی گەنجان و لاوازی پابەندبوون بە داب و نەریتی کۆمەلایەتی ڕوون دەکاتەوە

| هەڵبژاردنی پرسیار | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٤٣ | ٪ ٤٣ |
| تاڕادەیەك | ٤٤ | ٪ ٤٤ |
| نەخێر | ١٣ | ٪ ١٣ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ٪ ١٠٠ |

له خشتەی ژمارە ( ١٧) بۆمان دەردەکەوێت، بە ڕێژەی (٤٣٪ ) بەڵێ، وە بە ڕێژەی (٤٤ ٪ ) تا ڕادەیەك، وە بە ڕێژەی ( ١٣٪ ) نەخێرە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت زۆربەی تاکەکانی نموونەکە لەگەڵ تاڕادەیەك دان سەبارەت بە لاواز بوونیان بە داب و نەریتی کۆمەڵایەتی..

خشتەی ژمارە ( ١٨ )

کۆچی گەنج و هەڵوەشاندنی پەیوەندی کۆچکەر بە ئەندامانی خێزان ڕوون دەکاتەوە.

| هەڵبژاردنی پرسیار | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
| --- | --- | --- |
| بەڵێ | ٢٢ | ٪ ٢٢ |
| تاڕادەیەك | ٥٠ | ٪ ٥٠ |
| نەخێر | ٢٨ | ٪ ٢٨ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ٪ ١٠٠ |

له خشتەی ژمارە ( ١٨ ) بۆمان دەردەکەوێت، بە ڕێژەی (٢٢٪ ) بەڵێ، وە بە ڕێژەی ( ٥٠٪ ) تا ڕادەیەك، وە بە ڕێژەی (٢٨ ٪ ) نەخێرە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت زۆربەی تاکەکانی نموونەکە لەگەڵ تاڕادەیەك دان سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندی کۆچکە بە ئەندامانی خێزان.

خشتەی ژمارە ( ١٩ )

کۆچی گەنج و زیاد بوونی متمانە بە خۆبوونی ئەندامانی خێزان ڕوون دەکاتەوە.

| هەڵبژاردنی پرسیار | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
| --- | --- | --- |
| بەڵێ | ٢٣ | ٪ ٢٣ |
| تاڕادەیەك | ٣٤ | ٪ ٣٤ |
| نەخێر | ٤٣ | ٪ ٤٣ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ٪ ١٠٠ |

لە خشتەی ژمارە ( ١٩ ) بۆمان دەردەکەوێت، بە ڕێژەی (٢٣٪ ) بەڵێ، وە بە ڕێژەی ( ٣٤٪ ) تا ڕادەیەك، وە بە ڕێژەی ( ٤٣٪ ) نەخێرە. لێرەدا بۆمان دەر دەکەوێت زۆربەی تاکەکانی نموونەکە لەگەڵ نەخێر دان بە متمانە بە خۆبوونی ئەندامانی خێزان.

خشتەی ژمارە ( ٢٠ )

کۆچی گەنج و بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەرزتر ڕوون دەکاتەوە.

| هەڵبژاردنی پرسیار | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٩ | ٢٩ ٪ |
| تاڕادەیەك | ٤٧ | ٤٧ ٪ |
| نەخێر | ٢٤ | ٢٤ ٪ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠ ٪ |

لە خشتەی ژمارە ( ٢٠ ) بۆمان دەردەکەوێت، بە ڕێژەی (٢٩٪ ) بەڵێ، وە بە ڕێژەی ( ٤٧٪ ) تا ڕادەیەك، وە بە ڕێژەی ( ٢٤٪ ) نەخێرە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت زۆربەی تاکەکانی نموونەکە لەگەڵ تاڕادەیەك دان سەبارەت بە بەدەستهێنانی بڕواناەمەی بەرزتر.

خشتەی ژمارە ( ٢١ )

کۆچی گەنج و بەدەستهێنانی کاری باشتر ڕوون دەکاتەوە.

| هەڵبژاردنی پرسیار | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٤٨ | ٤٨ ٪ |
| تاڕادەیەك | ٤١ | ٤١ ٪ |
| نەخێر | ١١ | ١١ ٪ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠ ٪ |

لە خشتەی ژمارە ( ٢١ ) بۆمان دەردەکەوێت، بە ڕێژەی (٤٨٪ ) بەڵێ، وە بە ڕێژەی ( ٤١٪ ) تا ڕادەیەك، وە بە ڕێژەی ( ١١٪ ) نەخێرە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت زۆربەی تاکەکانی نموونەکە لەگەڵ بەڵێ دان سەبارەت بە بەدەستهێنانی کاری باشتر.

خشتەی ژمارە ( ٢٢ )

کۆچی گەنج و باش بوونی بژێوی خێزان ڕوون دەکاتەوە.

| هەڵبژاردنی پرسیار | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٣٠ | ٣٠ ٪ |
| تاڕادەیەك | ٥٦ | ٥٦ ٪ |
| نەخێر | ١٤ | ١٤ ٪ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠ ٪ |

لە خشتەی ژمارە ( ٢٢) بۆمان دەردەکەوێت، بە ڕێژەی (٣٠٪ ) بەڵێ، وە بە ڕێژەی ( ٥٦٪ ) تا ڕادەیەك، وە بە ڕێژەی ( ١٤٪ ) نەخێرە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت زۆربەی تاکەکانی نموونەکە لەگەڵ تاڕادەیەك دان سەبارەت بە باشتر بوونی بژێوی ژیان.

خشتەی ژمارە ( ٢٣ )

کۆچی گەنج و بەدەستهێنانی خەونەکان ڕوون دەکاتەوە.

| هەڵبژاردنی پرسیار | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٣ | ٢٣ ٪ |
| تاڕادەیەك | ٤٩ | ٤٩ ٪ |
| نەخێر | ٢٨ | ٢٨ ٪ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠ ٪ |

**لە خشتەی ژمارە (٢٣ ) بۆمان دەردەکەوێت، بە ڕێژەی (٢٣٪ ) بەڵێ، وە بە ڕێژەی (٤٩ ٪ ) تا ڕادەیەك، وە بە ڕێژەی ( ٢٨٪ ) نەخێرە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت زۆربەی تاکەکانی نموونەکە لەگەڵ تاڕادەیەك دان سەبارەت بە بەدەستهێنانی خەونەکان.**

**خشتەی ژمارە ( ٢٤ )**

**کۆچی گەنج و ئاشنابوون بە داب و نەریتی گەلان و وڵاتان ڕوون دەکاتەوە.**

| هەڵبژاردنی پرسیار | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٤٢ | ٤٢ ٪ |
| تاڕادەیەك | ٤١ | ٤١ ٪ |
| نەخێر | ١٧ | ١٧ ٪ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠ ٪ |

**لە خشتەی ژمارە (٢٤ ) بۆمان دەردەکەوێت، بە ڕێژەی (٤٢٪ ) بەڵێ، وە بە ڕێژەی ( ٤١٪ ) تا ڕادەیەك، وە بە ڕێژەی ( ١٧٪ ) نەخێرە. لێرەدا بۆمان دەرکەوت زۆربەی تاکەکانی نموونەکە لەگەڵ بەڵێ دان سەبارەت بە ئاشنابوونی داب و نەریتی گەلان.**

## ئەنجامەکان

١. لە خشتەی ژمارە (٧)دا سەبارەت بە کۆچی گەنج و لاوازی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی نێو ئەندامانی خێزان، بۆمان دەردوکەوێت کە زۆربەی نمونەی توێژینەوەکەمان لەگەڵ بەلێ دان بە ڕێژەی لە (٥٤٪)، وە بە ڕێژەی لە (٣٤٪) لەگەڵ تاڕادەیەك دان، وە بە ڕێژەی لە (١٢٪) لەگەڵ نەخێر دان.

٢. لە خشتەی ژمارە (١٤)دا سەبارەت بە کۆچی گەنج و زیاد کردنی دڵەڕوکی لە ناو ئەندامانی خێزان، بۆمان دەردەکەوێت کە زۆربەی نموونەی توێژینەوەکەمان لەگەڵ بەڵێ دان بە ڕێژەی لە (٤٧)، وە بە ڕێژەی لە (٤٤٪) لەگەڵ تاڕادەیەك دان.

٣. لە خشتەی ژمارە (١٨) سەبارەت بە کۆچی گەنج و هەڵوەشاندنی پەیوەندی کۆچکەر بە ئەندامانی خێزان، زۆربەی ئەندامانی توێژینەوەکە تاڕادەیەك لەگەڵی دابە بەڕێژەی لە ( ٥٠٪)،وە بەڕێژەی لە (٢٨٪) لەگەڵ نەخێر دان، سەبارەت بە بەڵێش بە ڕێژەی لە (٢٢٪) لەگەڵی دابوون.

٤. لە خشتەی ژمارە ( ١٩) سەبارەت بە کۆچی گەنج و زیاد بوونی متمانە بە خۆبوونی ئەندامانی خێزان، زۆربەی ئەندامانی توێژینەوەکە لەگەڵ نەخێر دان بەڕێژەی لە (٤٣٪) وە بە ڕێژەی لە (٣٤٪) لەگەڵ تا ڕادەیك دان، سەبارەت بە بەڵێش بە ڕێژەی لە (٢٣٪) لەگەڵی دان.

٥. لە خشتەی ژمارە ( ٢٢ ) سەبارەت بە کۆچی گەنج و باش بوونی بژێوی خێزان ، زۆربەی ئەندامانی توێژینەوەکە لەگەڵ تا ڕادەیەك بوونە بە ڕێژەی لە ( ٥٦٪)، وە بە ڕێژەی لە (٣٠٪) لەگەڵ بەڵێ دابوونە، سەبارەت بە نەخێریش بە ڕێژەی لە (١٤٪) لەگەڵی دابوونە.

٦. لە خشتەی ژمارە ( ٢٤ ) سەبارەت بە کۆچی گەنج و ئاشنابوون بە داب و نەریتی گەلان و وڵاتان، زۆربەی ئەندامانی توێژینەکە لەگەڵ بە لێ دان بە ڕێژەی لە (٤٢٪)، وە بەرێژەی لە (٤١٪) لەگەڵ تاڕادەیەك دان، وە سەبارەت بە نەخێریش بە ڕێژەی لە (١٧٪) لەگەڵی دان.

## دەرئەنجام

٤. ئاکامە کۆمەڵایەتیەکانی کە لە ئەنجامی کۆچکردنی گەنجان لە سەر خێزانەکانیان دەکەوێتەوە، کە ئاکامە باشەکانی بریتییە لە ناردنەوەی داهات و بەدەسهێنانی بڕوانامەی بەرزتر و باشترکردنی بژێوی ژیانیان، وە لە ئاکامە خراپەکانی کە بریتییە لە خزمەتکردنی بازاڕی وڵاتان و ناردنەدەرەوی داهات و تێکدانی ئاسایشی وڵات.

٥. بەرزترین ئاست کە لە ئاکامەکانی کۆچکردنی گەنجان لەسەر خێزانەکانیان دەکەوێتەوە بریتییە لە تێکچوونی دەروونی باوانیان و دڵەڕاوکێ و نەخۆشی وە سەرف کردنی داراییەکی زۆر.

٦. بەرزترین ئاستی لێکترازانی خێزان کە لە ئەنجامی کۆچکردنی گەنجان بریتییە لە کەمبوونەوەی ڕێژەی هاوسەرگیری و زۆربوونی ڕێژەی قەیرەیی لای کچان و لاوازبوونی پەیوەندی کۆچکەر بە ئەندامانی ناو خێزانەکەی.

## ڕاسپاردە

### ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی کۆچکردنی گەنجان لەسەر خێزان

١. توێژینەوەیەکی هاوشێوە دەربارەی ئاکامە کۆمەڵایەتیەکانی کۆچکردن ئەنجام بدرێ
٢. توێژینەوەیەکی هاوشێوە دەربارەی سیاسی ئەنجام بدرێت.
٣. توێژینەوەیەکی هاوشێوە دەربارەی دەروونی ئەنجام بدرێت.
٤. توێژینەوەیەکی هاوشێوە دەربارەی ڕامیاری ئەنجام بدرێت.
٥. توێژینەوەیەکی هاوشێوە دەربارەی ئاینی ئەنجام بدرێت.

## پێشنیار

لەئەنجامی ئەم توێژینەوەیە گەیشتینە ئەوەی ئەم پێشنیارانەی خوارەوە بکەین پێشنیار بۆ لایەنی حکومەت

١. هەوڵبدرێت توانای کارکردن بۆ گەنجان بڕەخسێ بۆ ئەوەی لە پێناوی کارکردنا کۆچ نەکات.
٢. هەوڵبدرێت دەزگاکانی ڕاگەیاندن مەترسیەکانی کۆچکردن بخەنە ڕوو و هۆشیاریان بکەنەوە.
٣. مامۆستایانی ئاینی کار بکەن بۆ دورکەتنەوەی خەڵکی لە کۆچکردن، بۆ ئەوەی کۆمەڵگا لە مەترسیەکانی کۆچکردن بپارێزرێت.
٤. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی هەوڵی هۆشیار کردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگا بدەن لە ڕێگەی وۆرك شۆپ و سیمینار.

# لیستی سەرچاوەکان


١. ابراهیم، د. عبدالمجید غفور(٢٠١٥). کۆمەڵناسی دانیشتووان، چاپ هێڤی، هەولێر.

٢. بۆکانی، سابیر(٢٠١٦).میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چ یەکەم، چاپ چوارچرا، سلێمانی.

٣. جعفر رەسول وسو، ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە بونیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین_هەولێر، ٢٠٠٧.

٤. خەڵق، ئەکبەر(٢٠١٣). بنەماکانی کۆمەڵناسی، چ یەکەم، چاپ مرکریانی، هەولێر

٥. خەلیل، د. مەعن(٢٠٠٧). کۆمەڵناسی خێزان، چاپ خانی، دهۆك.

٦. سەیدزادە، عومەر(). سەرەتاکانی کۆمەڵناسی، چ سێیەم.

٧. سهاونە و سمحە، فەوزی عەبد و موسا(٢٠٠٩). جوگرافیای دانیشتوان، چ یەکەم، چاپ موکریانی، هەولێر.

٨. شاسوار، مقداد(٢٠٠٨). کۆچ، هۆکار و ئاسەوارەکانی، چ یەکەم، چاپ منارە، هەولێر.

٩. شنۆ حسن عبدالصمد، بەرپرسیارەیێتی کۆمەڵایەتی لای خوێنکارانی زانکۆ، نامەی ماستەر، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی کۆمەڵناسی، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢٠.

١٠. شوانی، د. محمد(٢٠١٣).ئەنترۆپۆلۆژیای دانیشتووان، چ یەکەم، چاپ ڕۆژهەلات، هەولێر.

١١. شوانی، محمد(٢٠١٥). سەرەتایەك بۆ توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا، چ یەکەم، چاپ هێڤی، هەولێر.

١٢. شێفەرس، برنهارد(٢٠٠٨). بنەماکانی کۆمەڵناسی لاوان، چ یەکەم، چاپ شڤان.

١٣. عبدالرحمان، عبدالله(٢٠١٢). توند و تیژی خێزان... تیروانین و چارەسەر، چ یەکەم، چاپ ماردین، هەولێر.

١٤. قورئانی پیرۆز، السورة البقرة، الآیة ٢١٨.

١٥. کۆمەڵێك نوسەر( ٢٠١٧). دەروازەیەك بۆ خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی، چ یەکەم، چاپ شەهاب، هەولێر.

١٦. کۆهین، بروس(٢٠١٠). سەرەتایەك بۆ کۆمەڵناسی، چ یەکەم، چاپ چوارچرا، سلێمانی.

١٧. محەمەد، موراد حەکیم(٢٠٠٤). ئاکامە کۆمەڵایەتیەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی کورد لە عێڕا قلە سەردەمی بەعسدا، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی.

١٨. ئەحمەد و سەرکەپکانی، حەمەدەمین خدر و ئیبراهیم محەمەد(٢٠٠٧). نزمی ئاستی هۆشیاری گەنج بەرامبەر ئەرك و مافەکانی

١٩. ئەسکەندەر، ئەحمەد(٢٠١٦). کۆچی گەنجان لە نێوان داهاتوویەکی نادیار و نائومێد بوون لە نیشتیمان، چاپ ڕۆژهەلات، هەولێر.

**توێژینەوە عربیەکان**

**توێژینەوەی عباس، مروش مچهب (٢٠٢٠) بە ناونیشانی کۆچی گەنجان و کاریگەری لەسەر پەرەپێدانی بەردەوام**

٢٠. **توێژینەوەی عیسی، احلام احمد، مجله المستنصریه الدراسات العربیه والدولیه العدد٥٥**

٢١. **سلمان، هیثم عبداللة(٢٠١٤). الآثار الاقتصادیة للهجرة الدولیة علی اقتصادات دول مجلس التعاون الخلیجي وتقییم سیاساتها، مجلة الکویت لاقتصادیة، العدد الرابع و العشرون-.**

٢٢. **ابراش، *ابراهیم(٢٠٠٨) ،المنهج العلمي و تطبیقاته في العلوم الاجتماعیة ، عمان، دار الشروق للنشر و التوزیع***

## پاشکۆ

### فۆڕمی ڕاپرسی

### ئاکامە کۆمەڵایەتیەکانی کۆچکردنی گەنجان لەسەر خێزانەکانیان

### ( توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەشاری هەولێر )

هاوڵاتی بەڕێز ئەم فۆڕمەی پڕی دەکەیتەوە ڕاپرسیەکی زانستییە، نهێنیەکانت پارێزراون و زیان بە کەسایەتیت ناگەیەنن بۆیە گرنگە ئەو زانیاریانەی کە دەیخەیتە بەردەستمان ڕاستگۆیانە بێت.

هاوکاری کردنت خزمەتکردن و کار ئاسانی کردنە.

| | |
|---|---|
| توێژەران | سەرپەرشتیار |
| سۆلاڤ اسعد | کامەران جوهر |
| هەڤال فاضل | |

### پرسیارە گشتییەکان

تەمەن؟ (     )

ڕەگەز ؟ نێر (     ) مێ (     )

باری کۆمەڵایەتی ؟ سەڵت (     ) خێزاندار (     ) جیابوونەوە (     )، تاك مردوو (     )

باری ئابووری ؟

زۆر باش (     ) باش(     ) مام ناوەند (     ) خراپ (     ) زۆر خراپ (     )

شوێنی نیشتەجێبوون ؟

شار (     ) قەزا (     ) ناحیە (     ) لادێ (     )

## پرسیارە تایبەتیەکان

## ئاکامە خراپەکانی کۆچکردن

| ژ | پرسیارەکان | بەڵێ | تارادەیەك | نەخێر |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ئایا کۆچکردنی گەنجان بۆ دەرەوەی دەبێتە هۆکاری لە دەستدانی سەرپەرشتیار و بەخێوکەری خێزان؟ | | | |
| ٢ | ئایا کۆچکردنی گەنجان بۆ دەرەوەی وڵات دەبێتە هۆی لاواز بوونی ئاستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە نێو ئەندامانی خێزان ؟ | | | |
| ٣ | ئایا کۆچکردنی گەنجان بۆ دەرەوەی وڵات دەبێتە هۆی بەفیڕۆدانی دارایی خێزان؟ | | | |
| ٤ | پێتوایە کۆچکردنی گەنجان بۆ دەرەوەی وڵات دەبێتە هۆی تێکچوونی باری دەرونی باوانیان ؟ | | | |
| ٥ | ئایا کۆچکردنی گەنجان بۆ دەرەوەی وڵات دەبێتە هۆی تێکچوونی شیرازەی خێزان ؟ | | | |
| ٦ | ئایا کۆچکردنی گەنجان بۆ دەرەوەی وڵات دەبێتە هۆی توش بوونی باوانیان بە نەخۆشی درێژخایەن ؟ | | | |
| ٧ | ئایا کۆچکردنی گەنجان بۆ دەرەوەی وڵات دەبێتە هۆکاری کەم بوونەوەی ڕێژەی هاوسەرگیری ؟ | | | |
| ٨ | ئایا کۆچکردنی گەنجان بۆ دەرەوەی وڵات دەبێتە هۆکاری زیاد بوونی ڕێژەی قەیرەیی لە ناو کچان ؟ | | | |
| ٩ | پێت وایە کۆچکردنی گەنجان دڵەڕاوکێ لە ناو ئەندامانی خێزان بڵاودەکاتەوە ؟ | | | |
| ١٠ | کۆچی گەنجان کاریگەری هەیە لەسەر لاواز بوونی ئەرکی باوان لە پەروەردە و بەخێوکردنی منداڵەکانیان ؟ | | | |
| ١١ | پێتوایە کۆچکردنی گەنجان دەبێتە هۆی تێکدانی کەسایەتی ئەندامانی خێزان بەهۆی چاولێکەری کەسایەتی گەنجی کۆچکەر ؟ | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٢ | پێتوایە کۆچکردنی گەنجان دەبێتە هۆی لاوازی پابەندبوون بە داب و نەریتی کۆمەڵایەتی ؟ | | | |
| ١٣ | ئایا کۆچکردن دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندی کۆچکەر بە ئەندامانی خێزان؟ | | | |

## تەوەری دووەم/ ئاکامە باشەکانی کۆچکردن

| ژ | پرسیارەکان | بەڵێ | تارادەیەك | نەخێر |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ئایا کۆچکردن دەبێتە هۆی زیاد بوونی متمانە بەخۆ بوونی ئەندامانی خێزان ؟ | | | |
| ٢ | ئایا کۆچکردن دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەرزتر؟ | | | |
| ٣ | ئایا کۆچکردن دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی کاری باشتر؟ | | | |
| ٤ | ئایا کۆچکردن دەبێتە هۆی باشتر کردنی بژێوی ژیانی خێزان ؟ | | | |
| ٥ | ئایا کۆچکردن دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی خەونەکان؟ | | | |
| ٦ | پێتوایە کۆچکردن دەبێتە هۆی ئاشنابوونی ئەندامانی خێزان لە ڕێگەی گەنجی کۆچکردووەوە بە داب و نەریت و کلتوری وڵاتان ؟ | | | |